# پەرەپێدانی مرۆیی پرسێکی ستراتیژییە

## پشت بە پەروەردەو خوێندنی باڵا دەبەستێت


د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

«ئەو هەنگاوە نوێیەی لە کابینەی هەشتەم چاوەڕواندەکرێت بریتییە لەوەی کە حکومەتێکی بەرنامەی کاری کوالیتی و نموونەیی دەبێت نەک حکومەتێک کە کەوتبێتە ژێر فشاری بەرنامەو بەرژەوەندییە حزبییەکانەوە، بۆیە دیارترین تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم کابینەیە تازەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختکردنەوەیە لەسەر بنیادنانی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و زیاتر دەوڵەمەندکردنی بە زانست و بیروهزری پێشکەوتنی گەل لە هەموو لایەنە مەعریفییەکان بە تایبەتیش بایەخدان بە ئەولەویەتی چەمکی پەرەپێدانی مرۆیی.

پەرەپێدان بەو مانایەی کە پشت ببەستێت بە توانای مرۆیی کە بە سامانی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا دادەنرێت، لەبەر ئەوە هەلی پەرەپێدان و پێشکەوتن(لەهەر وڵاتێکدا)پەیوەستە بە قەبارەی توانا مرۆییەکانی و ئاستی شیاندن و مەشق پێکردنی هاوکات خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و بەرەورووبوونەوەی تەحەددییەکان و کارێکی پۆزەتیڤ لەگەڵ هەموو ڕووداوێکی تازە ئەویش بە تەوزیفکردنی لێهاتوویی و بەهرەیی کە لەگەڵ هەموو تازەگەرییەکدا دەگونجێن».

کابینە تازە چاوەڕوانکراوەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی یەکلاییکردنەوەو هاوتەریبی تەسکی حزبایەتی نییە،هەروەها کۆی بەرنامەکانی حزب ولایەنەکان و بەپیرەوەهاتنی ئەو دیالۆگە گرنگانەیش نییە کە لەنێو هێزە کوردستانییەکاندا دەگوزەرێت.بەڵکو کابینەیەکە لێی چاوەڕواندەکرێت ئاماژەیەکی تازەی ژیانی گەلی کوردستان بێت ،بە واتا ئابووری و سیاسییەکەی،لەبەر ئەوە زۆر لێدوان و بۆچوون و شرۆڤەی دیکەش هەر بەو ئاراستەیەن کە دوای راگەیاندنی کابینەکە ئەم راستییە بە تەواوی روونبکاتەوە.

ئەو شتە نوێیەی لەم کابینەیەدا چاوەڕواندەکرێت بریتییە لەوەی کە حکومەتێکی بەرنامەی کاری کوالیتی و نموونەیی دەبێت نەك حکومەتێك کە کەوتبێتە ژێر فشاری بەرنامەو بەرژەوەندییە حزبییەکان،بۆیە دیارترین تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم کابینەیەی تازەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختکردنەوەیە لەسەر بنیادنانی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و زیاتر دەوڵەمەندکردنی بە زانست و بیروهزری پێشکەوتنی گەل لە هەموو لایەنە مەعریفییەکان بە تایبەتیش بایەخدان بە ئەولەویەتی چەمکی پەرەپێدانی مرۆیی.

پەرەپێدان بەو مانایەی کە پشت ببەستێت بە توانای مرۆیی کە بە سامانی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا دادەنرێت،لەبەر ئەوە هەلی پەرەپێدان و پێشکەوتن(لەهەر وڵاتێکدا ) پەیوەستە بە قەبارەی توانا مرۆییەکانی و ئاستی شیاندن و مەشق پێکردنی هاوکات خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و بەرەوڕووبوونەوەی تەحەددییەکان و کارێکی پۆزەتیڤ لەگەڵ هەموو رووداوێکی تازە ئەویش بە تەوزیفکردنی لێهاتوویی و بەهرەیی کە لەگەڵ هەموو تازەگەرییەکدا دەگونجێن،بەپێی بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانین باس لە پێوانەی چەندایەتیی ئاستەکانی پەرەپێدانی مرۆیی بکەین لەبەر رۆشنایی سەرکەوتنی وڵات لە جێبەجێ کردنی پێداویستییەکان و داخوازییە مرۆییەکان و ئاستی ژیانێی گونجاو لەبەر رۆشنایی دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهات و سامانەکان لەگەڵ ئاستی گونجاو لەهەریەك لە تە ندروستیی گشتی و خوێندن لەپاڵ بەجێهێنانی ماف و ئازادییەکان، کە ئەمە واپێویست دەکات لە هەرێمی کوردستان بەهەندی هەڵبگرین.

ئەزموونەکانی زۆرینەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە پلانەکانی پەرەپێدان و پرۆژەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر کێشەکانی تەندروستی و پەروەردەو خوێندن بە هەردوو بەشی بنەڕەتی و باڵا،لەگەڵ پشتیوانییەکی بەرچاو بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی هاوکات پشتگیرییکردن لە پرۆژە بچووکەکان لەلایەك و پرۆژەکانی ژێرخان و بناغە سەرەکییەکانی بنیادنان.بەڵام هۆی ئەم ئاراستەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تەحەددای گرنگ لە بەرەوڕووبوونەوەی ئەرکەکانی پەرەپێدان لە چاککردنی کوالیتی ژیانی مرۆڤایەتیدایە لە سۆنگەی بەرزکردنەوەی داهات و باشکردنی ئاستی خۆراك و تەندروستیی گشتی و کەمکردنەوەی رێژەی هەژاری و چارەسەرکردنی بێکاری و فەراهەمکردنی ژینگەیەکی تەندروست، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و بەدەستهێنانی پلەی باشتر کە لێرە وا پێویست دەکات یەکسانی و ویژدان و دادپەروەری بوونیان هەبێت لە بواری هەل و دەرفەت و دابینکردنی ئازادییەکی زیاتر و بایەخدان بە رۆشنبیری کە رێز لە پێکهاتە مرۆییەکان بگرێت و دان بە پێناسەی مرۆیی و مەعریفیاندا بنرێت.

ئەزموونی پڵنگەکانی ئاسیایی نموونەیەکی جیاوازی بەرجەستەکرد، کاتێ توانی قەیرانی دارایی خۆی چارەسەربکات و بە خێرایی بێتەوە سەرەخۆی ،ئەمەش بەهۆی شۆڕشی مرۆیی و دەوڵەمەندیی مەعریفیی رۆشنبیری، لێرەدا ئاماژە تەنیا بۆ کاروبارە وەزیفییەکان نییە وەك ئامرازێکی ئاسایی بەڵکو بۆ ئەو شتانەیە وەك سوودوەرگرتن لە بێکاریی و بەدیهێنانی هاوسەنگی و رەزامەندیی نواندن بەرامبەر خودی مرۆڤ و هەندێ پرسی دیکەی وەکو دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی و شێوەی بەشداریکردنی ئیجابییانەی لە چالاکییەکانی ئابووری و سیاسی و و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەستەکانمان و جەختکردنەوە لەسەر بابەتی پەرەپێدانی مرۆیی ، لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە کە ئەمە تەنیا پرۆسەی وەبەرهێنان نییە لە سامانی مرۆیی بە میکانیزمی ئابووری بەقەد ئەوەی کە مەسەلەکە زۆر دوور و قووڵترە کە تێیدا هەموو پرسەکانی بەهای گیانی پەیوەست دەبن بە وەدیهێنانی خودی پێداویستییەکانی رۆح و فەلسەفەکەیەوە،چونکە ئەم پرسە تایبەت نییە بە خوێندن و وەرگرتنی زانیاری و شارەزایی و لێهاتوویی بەڵکو ئەمە لایەنە رووکەشەکەیەتی، بەڵام لە ناخیدا ماناو پرسی دیکە هەڵدەگرێت.

**کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەیەکە کە بەرنامەی کاری کوالیتی و نموونەیی دەبێت نەک حکومەتێک کە کەوتبێتە ژێر فشاری بەرنامەو بەرژەوەندییە حزبییەکان**

**بەپێی بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانین باس لە پێوانەی چەندایەتیی ئاستەکانی پەرەپێدانی مرۆیی بکەین لەبەر رۆشنایی سەرکەوتنی وڵات لە جێبەجێ کردنی پێداویستییەکان و داخوازییە مرۆییەکان**

لێرەدا باس لە سەلامەتیی تەندروستیی دەروونی و جەستەیی تاکەکان دەکەین،کە کێشەیەکی زۆر قووڵ و مەترسیدارە کاتێ لەروانگەی واقعی هاوچەرخانە لە بیروهزری تاکی کوردستانی لێیدەدوێین،بەتایبەتی کە ئەو تاکە کوردستانییە دووچاری چەندین تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی دیکەی جینۆساید بووەتەوە و ئەمڕۆش بەردەوام ئەگەری ئەوە هەیە رووبەڕووی هەڕەشەی دیکە ببێتەوە ،بەهۆی ئەوەی کە ناسەقامگیریی بارودۆخی ناوچەکە راستەوخۆ کاریگەریی هەیە،لە لایەکی دیکەوە رێژەی نەخوێندەواران لە ریز ئەوانەی تەمەنی هەرزەکارییان بڕیوە بەرزە هاوکات ئاستی ئەوانەی کە پێویستیان بە خوێندنی بنەڕەتی هەیە،دیارە ئەمەش پێویستی بە پێوەرێك هەیە بۆ بەراوردکردن لەگەڵ قەبارەی پەرەسەندنی دانیشتوان کە لێرەدا زۆر پێویستە خوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ بکرێت،بۆ نموونە دەتوانین باس لە قەبارەی بیناسازی و توانای گشتی ئەو بینایانە بکەین کە دەتوانن قوتابیان و ئاستی خوێندنیان لەخۆبگرن و تاچەند سەرکەوتوو دەبن لە بەئاکام گەیاندنی پرۆسەی خوێندن، ئەمانە هەموویان نیشاندەرن بۆ کاری لەپێشینەو ئەرکی داهاتووی ئەم کابینە تازەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پرسی تایبەت بە پەرەپێدانی مرۆیی لەبەر ئەوەی کە ئەرکێکی ستراتیژییە بەراستی لە مەیداندا پێویستی بە پلانگەلێکی ستراتیژی هەیە لەسەر ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تەندروستی و ژینگە،بەڵام گرنگترو نزیکتر ئەرك بریتییە لە بابەتی بنیادنانی عەقڵی مرۆیی و بنیادنانی بەها رۆحییەکانی رۆشنبیری و تۆکمەکردنی بە ئاستێکی چاکترو سەرکەوتووتر.

دیار ئەمە پەیوەستە بە وەبەرهێنانی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی لە کاروباری زانیاری و گەیاندن هەروەها لە شێوازەکانی پەرەپێدانی بەرهەمی تازە کە بارگرانی و زەحمەتی لەسەر شانی هەرێمی کوردستان هەڵدەگرێت و بە شێوەیەکی نایاب و دوورخایەن ئامادەی دەکات،ئەم ئەشکالیەتە لە کێشەی تەکنەلۆجیای پێشکەوتن دەبێتە هۆی دروستکردنی ستراتیجییەکانی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەمەش خۆی لەخۆیدا بایەخدان و لەبەرچاوگرتنی پەرەپێدانی مرۆییە بە چاکترین شێوازەکانییەوە،ئەگەر نا ئەوا وڵات دەبێتە دیلی ئەو بۆشاییەی هەیە لە نێوان تەکنەلۆژیای مۆدێرنێتەو پێشکەوتن و ئاستەکانی سامانی مرۆیی کە بێکاریی تەکنیکی بەدوای خۆیدا دێنێت و تەگەرەو ئاستەنگی زیاتر دێنێتەئاراوە.

ئێمە لێرەدا ئاماژەناکەین بۆ مەسەلەی بێکاری لە رووی ژمێریارییەوە بەڵکو بەو ناوەی کە سەرمایەی مرۆیی بناغەیەکی نموونەییە بۆ پشتیوانیکردنی ئاسایشی ئابووری و کەمکردنەوەی وەبەرهێنانی سروشتی،ئەمش پێویستی بە شیاندنێکی کوالیتی هەیە کە چاودێریی تەندروستی و بەهێزکردنی رێزگرتنی مافەکان و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا و دابینکردنی چاکترین ئاستەکانی خوێندنی بنەڕەتی و باڵا رەچاوبکات.

نەخوێندەواری و بێکاری و هەژاری دیارترین دوژمنی پەرەپێدانی مرۆیین،جا لەبەر ئەوەی کە زانیاری و زانست رۆڵی سەرەکی دەبینن لە بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی و بەشداریکردنی تاك لە کاروباری گشتی بە هۆشدارییەکی بەرزەوە،بۆیە خوێندن هەمیشە وەك تەوەری سەرەکیی و لەپێشینەی پلانەکانی پەرەپێدان و ئاسۆکانی بەرەوپێش چوون خۆی دەبینێتەوە.

مەترسییەکانی عەقڵ و ئاستی پەرەپێدانی مرۆیی و رۆڵی سەرمایەی مرۆیی هانمان دەدات کە زۆر جەخت بکەینەوە لەسەر مەسەلەی خوێندن ئەو مەترسییانەش هەروەك لێکۆڵینەوەکان و لۆژیکی عەقڵ باسیان دەکەن لە رۆڵی فاکتەری مرۆیی سەرچاوەدەگرن ،نەك لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ ،بەڵکو لە چۆنێتی بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنانەوەی و ئاراستەکردنی بە شێوەیەك کە پەرەپێدانی گشتی قوڵتربکاتەوەو سەرمایەی داراییش تازەو زیادبکات هەروەها لە کەمکردنەوەی وەبەرهێنانی سامانەکانی سروشتی و بایەخدان بە ژینگەو داهاتەکانی.

**کاری دامەزراوەیی گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لە چاودێریکردنی خوێندن و تازەکردنەوەی و هێنانەکایەی شۆڕشێکی نموونەیی لە بەڕێوەبردنیدا**

کاری دامەزراوەیی گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لە چاودێریکردنی خوێندن و تازەکردنەوەی و هێنانەکایەی شۆڕشێکی نموونەیی لە بەڕێوەبردنیدا، ئەمەش پشت دەبەستێت بە هێزی دیموکراسی و دەزگاکانی و چارەسەرکردنی هەر شێوەیەکی گەندەڵی دارایی و ئیداری و بەهێزکردنی رۆڵی یاسا و دابینکردنی سەربەخۆیی لە دامودەزگاکاندا ،لێرەدا پێویستە دامەزراوەکانی زانکۆ سەربەخۆبن تاکو رۆڵی خۆیان ببینن لە پەرەپێدانی مرۆیی و پەرەپێدانی گشتگیر دوای ئەوەی بنەماکانی ژینگەیەکی لەبارو گونجاوی بۆ دابیندەکرێت،بەمەش دەتوانرێت بەها تازەکان لەنێو کۆمەڵگەدا بچەسپێنین و پشتیوانی لە پەرەپێدان بکات، هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێیکرد ئەمە تەنیا پرۆسەیەکی ئابووری نییە بەڵکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە جەوهەرەکەی



مرۆڤ و ژیان و پەیوەندییەکانییەتی.
ئـــەوەی کە بڕوابەخۆبوون و توانای دەستپێشـــخەری و کارکردن بۆ گۆڕانکاری و بەشداریکردن لە کاروبارەکان و ئینتیما بۆ وڵات و کۆمەڵگە بە مرۆڤی کوردستانی دەبەخشێت،خوێندن و ئاستی زانستە،کە پێویستە٥٠٪ی سیســـتەمی خوێندن بە تەکنەلۆجیای تازە بخرێتە ناو سیستەمی گشتی خوێندنەوە تاکو لەڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە دەوڵەمەندبکرێت،بۆیە قسەکردن دەربارەی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە لەم بۆچوونەوە ســـەرچاوەبگرێت ئەویـــش بایەخدان بە رەگـــەزی مرۆیی چونکە بەهادارترین ســـەرمایەیە و خوێندنیش لە پێشـــەوەی پرۆســـەی بنیادانی مرۆڤەوە دێت بە پێی ستراتیجییەتێکی دوورخایەن،واتا کابینەی تازە لەســـەریەتی کە لـــە دەروازەی خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستیەوە بێتە ناو بەڕێوەبردنەوەو پەیامـــی سەرەکیشـــی راگەیاندنی پلانی ستراتیژیی پەرەپێدانی مرۆیی بێت، دیارە یەکەمین هەنگاویش لەم بوارەدا پەرەپێدانی خوێندن و چاوخشـــاندنەوەیە بە یاساکان و دواتـــر هەمواركردنیـــان تاکو لەگەڵ پێشکەوتنی ئەم ســـەردەمە بگونجێت و ئەو پرۆسەیەش شـــانازی بە ناسنامە کوردســـتانییەکەی بکات، لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای خوێندن و پشتبەستن بـــە راوێژکارانی پلەبـــەرزو لێهاتوو و کارامە هەنگاوێکی پێویستەو ئەمەش ئاماژەیەکـــی دیکەیە بۆ گۆڕینی پێکهاتەی وەزارەتـــی خوێندنی باڵا هاوکات دەستەبەرکردنی دەرفەتی زیاتر و زیادکردنی فەرمانگـــەی خوێندنـــی ئەلکترۆنـــی و دەرکردنی یاســـای هەموارکـــراو کە دەرئەنجام شۆڕشـــێکی مەعریفی تەکنەلۆجی دێنێتەئاراوە.

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد**



## هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت

# لەنێوان دابەشکردنی پۆستەکان و سەقامگیری سیستمە دیموکراتیەکە



((باسی شـێوەیەک لە پێکهێنانی حکومەتی پەرلەمانـی و دیموکراتـی دەکەین کە هیچ پارتێک بە تەنیا نیوەی ڕەهای کورسیەکانی پەرلەمانی نییە، ئەم سیناریۆی پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت کارێکی باشە و لەو کاتەوە هاتۆتە ئاراوە کە لەزۆربەی سیستمە پەرلەمانیەکاندا، هیچ حزبێک نەیتوانیوە بە تەنیا نیوەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، هەر بۆیە بە شێوەیەکی سروشتی دروستکردنی هاوپەیمانی بۆتە شێوازێک بۆ پێکهێنانی حکومەت، لە دیراسەتێکدا کە لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە لە ئاکامی ٣١٣ هەڵبژاردنی ١١ وڵاتی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٤٥-١٩٩٧، تەنیا لە ٢٠ هەڵبژاردندا حزبێک توانیوویەتی نیوە زیاتر لە کورسیەکانی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، لەمەش زیاتر حکومەتی هاوپەیمانیش جیاوازە و شێوازی جۆراوجۆری لێدەکەویتەوە، لە دیراسەتێکی دیکەدا کە لەسەر ١٥ دەوڵەتی دیموکراتی ئەوروپای دوای شەڕی دووەمی جیهانی کراوە، دەرکەوتووە لە ٪٣٥ ئەو هاوپەیمانیانەی بۆ پێکهێنانی حکومەت گرێدراون، پێکهێنانی لانی کەمی زۆرینە بووە واتە (٪٥٠+١) بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنرێت، لە ٪٣٦ یشی هاوپەیمانی کەمتر لە ٪٥٠ بووە و تەکلیفکراون بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنن و پاشان لە پەرلەماندا بە زۆرینە دەنگ بە حکومەتەکە دراوەو، تەنیا ٪٢٩ هاوپەیمانیەکان هاوپەیمانی زۆرینەی ڕەها (Suprplus) بوون و ژمارەی کورسیەکانی هاوپەیمانیەکە زۆر لەوە زیاتر بووە کە پێکهێنانی حکومەت پێویستی پێیەتی)).



**سیدهارتا باندیۆبادیای**
**زانکۆی بیرمینگهام**
**حکومەتی هاوپەیمانی لە دیموکراتی پەرلەمانیدا**

وتووێژەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، قۆناخێکی نوێی پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت لە کوردستان هێناوەتە ئاراوە، لەبەر ئەوەی لە پێکهێنانی حەوت کابینەی پێشوودا یان ئەوەبووە کە پارتی و یەکێتی وەك دوو حزبی سەرەکی هاوپەیمانییان کردووە و حکومەتیان پێکهێناوە، یان ئەوەبووە پێش هەڵبژاردن پارتی و یەکێتی هاوپەیمان بوون و زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٢١ ی ئەیلولی ئەمساڵدا لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی و تێکڕای حزبە سیاسییەکان بە لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنیان کردوو و ئاکامی هەڵبژاردنەکانیش بەو جۆرە بوو کە هیچ کام لە حزبە سیاسییەکان نەیتوانی نیوەی زیاتری کورسیەکانی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، بۆیە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ڕاسپاردنی کاندیدی سەرۆکی حکومەت بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت دواکەوت و پارتی دیموکراتی کوردستان ناچار بوو لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی خۆیدا، بەو سیفەتەی بەرزترین ڕێژەی دەنگ و کورسی بەدەستهێناوە و پێکهێنانی حکومەتی دەکەوێتە سەرشان، کاندیدی خۆی کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بوو دیاری کردوو، لەمەش زیاتر لیژنەیەکی بۆ دانوستاندنی سیاسی پێکهێنا بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان (ئەو لایەنانەی کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە) کۆبوونەوە بکات، بۆ ئەوەی نەخشەیەکی ڕێگە ئامادەبکەن و پەرلەمان کۆبوونەوەی دووەمی خۆی ئەنجامبدات و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێت و پەرلەمان بەفەرمی کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەت دەستنیشان بکات و دوای ئەوەش سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی ڕایبسپێرێت بۆ ئەوەی لەماوەی مانگێکدا کابینەی خۆی پێشکەشی پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی متمانەی پێبدرێت.

### دانوستانی پارتی و حزبە سیاسییەکان بۆ دارشتنی نەخشەی ڕێگە

لەیەکەم پەیامیدا دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژارنەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان وەك ئەو لایەنەی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێناوە و ڕادەسپێردرێت بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت، شێوازی حکومەتی بنکەفراوانی پەسەند کردووە بۆ ئەوەی هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی لە هەڵبژاردندا کورسی پەرلەمانییان بەدەست هێناوە (تەنانەت یەك کورسیش) بەشداری لە پێکهێنانی حکومەت بکەن، بەڵام ئەم شێوازەی پارتی دیموکراتی

کوردستان پەسەندی کردووە، بە تەنیا بە پارتی جێبەجێ ناکرێت، لەبەر ئەوەی پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان پێویستی بەوەیە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەکاتی دانوستاندن بۆ داڕشتنی نەخشەی ڕێگە بۆ پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان ئامادەباشی کۆمپرۆمایز و لێکتێگەیشتن و نەرمی نواندنیان هەبێت، راشکاوانەتر پێویستە ئەو بەرنامەیەی بۆ پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان لەسەری ڕێکدەکەون، ئاکامەکەی بەرهەمهێنانی حکومەتێکی بەهێزی ئەوتۆ بێت کە بتوانێت وەڵامدەرەوەی تەحددییەکانی ئەم قۆناخە و هەروەها لەئاستی بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخە بێت کە هەموو جیهان بەو چاوە سەیری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات کە هەنگاوی گەورە بۆ پێشەوە هەڵدەگرێت، هەروەها بەو چاوە سەیری هەرێمی کوردستان دەکەن کە لە قۆناخی سەربەخۆیی بە تەواوەتی نزیکبۆتەوە، ئەم دوو ئەرکە، چ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحدییەکان و چ کۆکردنەوەی هەموو تواناکان بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی گەورەتر، تایبەتمەندی حکومەتی داهاتوو دیاری دەکات، ئەم تایبەتمەندیەشە ئەم شێوازەی حکومەتی بنکە فراوانی هەرێمی کوردستان، لە حکومەتی بنکە فراوانی هەندێك وڵاتی دیکە جیادەکاتەوە کە بە ناچاری پەنای بۆ دەبەن بۆ ئەوەی وڵات لە قەیرانێکی سیاسیی گەورە دووربخەنەوە و ناوی لێدەنێن (حکومەتی دەربازکردنی نیشتمانی) واتە حکومەتێك بۆ ئەوەی وڵات لە قەیرانێك رزگار بکات، بەڵام بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان نەك هەر لە قەیران نییە، بەڵکو بە ئومێدێکی گەورەوە سەیری ئایندە دەکات و هەموو لایەك بەو هیوایەوە سیاسەت دەکەن کە بەرەو پێشتر بچین.

لێرەوە و لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستاش دانوستاندنەکانی پارتی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان و نەتەوەکانی دیکەی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکومەت بەردەوامە و هەموو لایەك بەو ئومێدەوە سەیری ئەو پرۆسەی دانوستاندنە دەکەن کە بەزوویی بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام مێژووی پێکهێنانی هاوپەیمانی نێوان حزبە سیاسییەکان لە سیستمی دیموکراتی پەرلەمانیدا و لەو کاتەی لایەنێك یان هاوپەیمانیەك نیوەی زیاتری کورسیەکانی پەرلەمانی نییە، پێمان دەڵێت: (وتووێژی نێوان لایەنە سیاسییەکانی نێو سیستمی پەرلەمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت کارێکی ئاسان نییە و گەلێك جار ماوەیەکی درێژتر لەو ماوەیە دەخایەنێت کە مەزندەی بۆ دەکرێت)، ئێمە لەگەڵ ئەوەی ئومێد دەخوازین پرۆسەی دانوستاندن بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لەماوەیەکی زۆر کورتدا تەواو بێت، بەڵام زۆرجار لە وڵاتێکی دیموکراتی و فیدرالی وەك بەلجیکا، پرۆسەی دروستکردنی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت ٥٤١ رۆژی پێچووە، ئاژانسی ئاسۆشیتد پریس لە رۆژی ٢٠١١/١٢/٦ نووسیوویەتی: (دوای ٥٤١ رۆژ لەدانوستاندن و کێشمەکێشی نێوان حزبە سیاسییەکان و هەرێمەکان بۆ چۆنیەتی راگرتنی هاوسەنگی و پۆستە وەزارییەکان، توانرا حکومەتی تازەی بەلجیکا رابگەیەنرێت)، هەروەها لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ی عێراقیشەوە ماوەی نزیکەی ١٠ مانگ دانوستاندنەکان درێژەی کێشا هەتا توانرا حکومەت پێکبهێنرێت و حکومەتەکەش سەرکەتوو نەبوو.

ئاماژەکردن بە هەردوو حاڵەتی بەلجیکاو عێراق بۆ ئەوەنییە ئاماژە بەوە بکەین پرۆسەی دانوستاندنەکانی هەرێمی کوردستانیش بەو ئاستە درێژە دەکێشێت یان درێژە بکێشێت ئاساییە، نەخێر مەبەستمان لەو دوو نموونەیە ئەوەیە کە ئامانج لە دامەزراندنی کابینەی بنکەفراوانی هەرێمی کوردستان، جیاواز لە ئامانجی پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوانی عێراق یان حکومەتی بنکە فراوانی بەلجیکا، هەر بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ٢٠١١ی بەلجیکا، بۆ ئەو لێدوانانەی کە لەسەر ژینگەی سیاسیی پێکهێنانی حکومەتی بەلجیکی دراون، بەلجیکا لە کۆی ١٥ وەزارەت توانیوویەتی تەنیا لە ١٣ وەزارەت حکومەت پێکبهێنێت و لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە تووشی تەنگژەی سیاسیی لەوجۆرە نەبووە، بەهەمان شێوە لە عێراقیشدا بەهەمان شێوە بووە لەدوای ساڵی ٢٠١٠ هەتا ئێستا هیچ کاتێك بارودۆخی سیاسیی و ئاسایشی عیراق بەو شێوەیە نەبووە، بەڵام ئەگەر ئامانجی پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان لە هەرێمی کوردستان سەیر بکەین، هەست دەکەین بارودۆخەکە زۆر جیاوازە و بۆیە دەبێت تایبەتمەندی حکومەتی بنکە فراوانی هەرێمی کوردستانیش جیاواز بێت و ئەم واقیعە لەبەر چاو بگیرێت:

١. ئەو بارودۆخە سیاسیەی ئێستای هەرێمی کوردستان لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بێ وێنەیە و توانراوە شێوازێکی فرەیی و هەمەڕەنگی سیاسیی بە ئاستی فرەیی و هەمەڕەنگی سیاسیی دەوڵەتانی دیموکراتی پێگەیشتوو ئیدارە بکرێت.

٢. لە هەرێمی کوردستان دیموکراتی بە ئاستێك پێگەیشتووە، کە تێکڕای لایەنە سیاسییەکان ئاکامی هەڵبژادنەکان قبوڵ دەکەن، لەوانەیە تەنیا شتێك کە

**پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان پێویستی بەوەیە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەکاتی دانوستاندن بۆ داڕشتنی نەخشەی ڕێگە بۆ پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان ئامادەباشی کۆمپرۆمایز و لێکتێگەیشتن و نەرمی نواندنیان هەبێت**

**مێژووی پێکهێنانی هاوپەیمانی نێوان حزبە سیاسییەکان لە سیستمی دیموکراتی پەرلەمانیدا و لەو کاتەی لایەنێک یان هاوپەیمانیەک نیوەی زیاتری کورسیەکانی پەرلەمانی نییە، پێمان دەڵێت: (وتووێژی نێوان لایەنە سیاسییەکانی نێو سیستمی پەرلەمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت کارێکی ئاسان نییە**



**ئێستا هەرێمی کوردستان وەک پێگەیەکی سیاسیی کاریگەری زۆر باشی لە چارەسەری کێشەی کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان هەبووە و تەنانەت هەرێمی کوردستان وەک هاوبەشی ئەو دەوڵەتانە سەیر دەکرێت کە هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە وڵاتی خۆیان هەڵدەگرن**

**پێشبینی دەکرێت دروستکردنی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت کارێکی هێندە قورس نەبێت و هەموو رێگە چارەکان لە حکومەتی بنکە فراوان چڕ نەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر بۆ ئەم قۆناخە هەموو لایەنەکان بەو ئامانجە تواناکان یەکبخەن بۆ ئەوەی لە ئاستی بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخە بن، ئەوا هەموو تواناکان لە چوارچێوەی حکومەتی بنکە فراوان چڕبکرینەوە ئاکامی باشتری دەبێت**

ئێمە نەمانتوانی بێت بەربەستە دەروونیەکانمان بشکێنین ئەوەیە، کە لایەنەکانی دیکە وەك رۆژئاوا پیرۆزباییان لەلایەنی سەرکەتوو نەکردووە.

٣. ئێستا هەرێمی کوردستان وەك پێگەیەکی سیاسیی کاریگەری زۆر باشی لە چارەسەری کێشەی کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان هەبووە و تەنانەت هەرێمی کوردستان وەك هاوبەشی ئەو دەوڵەتانە سەیردەکرێت کە هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە وڵاتی خۆیان هەڵدەگرن، ئەمەش مانای ئەوەیە هەرێمی کوردستان نەك هەر سەقامگیرە لەرووی سیاسی و ئاسایشەوە، بەڵکو هۆکارێکیشە بۆ ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی کە بەشێکە لە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی.

٤. لەنێو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا جیاوازی بیروبۆچوونی زۆر ریشەیی هەن و ئازادانە ئەو بۆچوونانە دەخرێنە روو، بەڵام لەنێو زۆربەی لایەنە سیاسییەکاندا رایەڵی هاوبەشیش هەیە بۆ پرسە چارەنووسسازەکان، یەك هەڵوێستی هەیە لە کاتی پێویستدا، لەوانەیە لەنێو کۆی لایەنە سیاسییەکاندا تەنیا لایەنێك نەتوانێت ئەو رایەڵە هەندێك جار دروست بکات، بەڵام ئەویش لە هەندێك حاڵەتدا دروستی کردووە.

بە رەچاوکردنی ئەم خاڵانە و لەبەرچاوگرتنی باری ئاسایی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئامانج لە پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان، ئامانجێکی تایبەتیە و پرسێکە لە سیاقی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان خوێندنەوەی لەسەر دەکرێت، هەر بۆیە پێشبینی دەکرێت دروستکردنی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت کارێکی هێندە قورس نەبێت و هەموو رێگە چارەکان لە حکومەتی بنکە فراوان چڕ نەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر بۆ ئەم قۆناخە هەموو لایەنەکان بەو ئامانجە تواناکان یەکبخەن بۆ ئەوەی لە ئاستی بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخە بن، ئەوا هەموو تواناکان لە چوارچێوەی حکومەتی بنکە فراوان چڕبکرینەوە ئاکامی باشتری دەبێت.

### هەرێمی کوردستان و تایبەتمەندی حکومەتی بنکە فراوان

بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان کە بەفەرمی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، بایەخی دامەزراوەکانی حکومەت و سەقامگیری حکومی هێندەی سەقامگیری دەوڵەت و کۆی سیستمە سیاسیەکە گرنگە، لەمەش زیاتر ئەو هەلومەرجەی هەرێمی کوردستان و کۆی کێشەی کورد لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیایدا تێدەپەڕێت، هەلومەرجێکی مێژوویی زۆر گرنگە پێویستی نەك بە یەکڕیزی باشوری کوردستان هەیە بەڵکو پێویستی بە یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی نێو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان هەیە و ئامانجی هەموو لایەکیش دەبێت پاراستنی ئەو دەسکەوتانە بێت تا ئێستا بەدەست هاتوون و لەسەر بنەمای ئەم دەسکەوتانە هەنگاو بۆ دەسکەوتی باشتر هەڵبگیرێت، کە دیارە گرنگترین دەسکەوت بۆ هەموو کورد لە هەر چوارپارچەکە پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و بوونی حکومەتێکی بەهێزە لەنێو ئەو قەوارە سیاسییەدا بۆ ئەوەی نموونەیەکی باشتر پێشکەش بکات و زەمینە بۆ دەسکەوتی زیاتر بسازێنێت، ئەمەش بۆ بەرژەوەندی هەموو کوردە لە هەر چوار پارچەی



**گرنگترین دەسکەوت بۆ هەموو کورد لە هەر چوارپارچەکە پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و بوونی حکومەتێکی بەهێزە لەنێو ئەو قەوارە سیاسییەدا بۆ ئەوەی نموونەیەکی باشتر پێشکەش بکات و زەمینە بۆ دەسکەوتی زیاتر بسازێنێت**

کوردستان.
کەواتە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم وەك حکومەتێکی بنکە فراوان، لەبەر ئەوە نییە ناتوانرێت هاوپەیمانیەك لەسەر بنەمای (٥٠٪+١)، یان ناتوانرێت سۆپەرپلاس هاوپەیمانی (ژمارەی زیاتر لە کورسی پێویست بۆ پێکهێنانی حکومەت) پێکبهێنرێت، بەڵکو ئامانج ئەوەیە:

١. کابینەی هەشتەم حکومەتێکی بەهێز بێت و شەخسی سەرۆك وەزیران کاتێك بەرنامەی حکومەتەکەی پێشکەش دەکات بەرپرسی یەکەم بێت لە سەرخستنی ئەو بەرنامەیە و دوای ئەو لایەنە بەشدارەکان بەرپرس بن لە هاوکاری حکومەت بۆ ئەوەی حکومەتەکە بتوانێت لە ئاستی وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان و لە ئاستی ئەو چاوەڕوانیە بێت کە کوردی پارچەکانی دیکەش ئومێدیان پێیەتی.

٢. پێویستە ژینگەی کارکردنی حکومەت، ژینگەیەکی سەقامگیر بێت، وەزیرەکان سەر بەهەر لایەنێکی سیاسی بن، دەبێت پاش پێکهێنانی حکومەت، بەرنامەی حکومەت جێبەجێ بکەن نەك بەرنامەی حزبەکانیان. ژینگەی سەقامگیر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوتای سەقامگیری دەوڵەت و کۆی سیستمە سیاسییەکەیە، هەرێمی کوردستان بەرگەی ئەوە ناگرێت ناسەقامگیری حکومی هەبێت، لەبەر ئەوەی ناسەقامگیری حکومی واتە ناسەقامگیری کۆی سیستمە سیاسییەکە، لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستاندا ناسەقامگیری حکومی تەنیا نابێتە هۆکاری شکستی حکومەت، بەڵکو دەبێتە هۆکاری پاشەکشەی دیموکراتی و خاوبوونەوەی پرۆسەی پەرەپێدان، هەروەها بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان هێندە ناسکە بۆ ئەوە ناشێ بەدوای ئەو هۆکارە شاراوانە (terminal event) بگەڕێین بۆچی ناسەقامگیری دروست بووە، بەڵکو دەبێت لە ئێستاوە هۆکاری شاراوە بۆ دروستبوونی ناسەقامگیری ئاشکرا بکرێن و بە مەرجی تەعجیزی و بیانووی ئایدۆلۆژی پەردە پۆش نەکرێن.

٣. بەرنامەی هەڵبژاردنی تێکڕای لایەنە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلوول بەرنامەی باشن و هەموو لایەنە سیاسییەکان بەوجۆرە بەرنامەی خۆیان داڕشتووە کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگ و متمانەی پێبدا، بۆیە گرنگە لەم خاڵەدا ئەوە رەچاو بکرێت کە قسەکردن لەسەر بەرنامەی حزبەکان، قسەکردن نییە لەسەر باشی و خراپی بەرنامەکان، بەڵکو قسەکردنە لەسەر ئەو ڕێسایانەی گەمەی دیموکراتی ڕێکخستووە و گرنگە هەموو لایەنە سیاسییەکان پێوەی پابەندبن، ئەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی رابردوو بەرهەمی هێناوە، ئەوەیە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان رادەسپێردرێت بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت، دیارە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەسەر بنەمای بەرنامەی پارتی بۆ هەڵبژاردنەکان هەنگاوی خۆی هەڵدەگرێت و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان دانوستاندن دەکات، بەڵام ئەم بەرنامەیە قابیلی گونجاندن و دەوڵەمەندکردنە، بۆیە لە پرۆسەی پێکهێنانی هاوپەیمانی و داڕشتنی بەرنامەی حکومەتی هاوپەیمانی پەرلەمانی، لایەنی راسپێردراو بۆ حکومەت، پابەند دەبێت بە خاڵە سەرەکیەکانی بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیەوە و لە هەمانکاتدا دەرگا

**لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستاندا ناسەقامگیری حکومی تەنیا نابێتە هۆکاری شکستی حکومەت، بەڵکو دەبێتە هۆکاری پاشەکشەی دیموکراتی و خابوونەوەی پرۆسەی پەرەپێدان**



**قسەکردن لەسەر بەرنامەی حزبەکان، قسەکردن نییە لەسەر باشی و خراپی بەرنامەکان، بەڵکو قسەکردنە لەسەر ئەو ڕێسایانەی گەمەی دیموکراتی ڕێکخستووە و گرنگە هەموو لایەنە سیاسییەکان پێوەی پابەندبن**

**لە حکومەتی بنکە فراوانی نیشتمانیدا، ئۆپۆزسیۆن بوون لایەنێک یان دوو لایەن بوونی نامێنێت، بەڵکو بەشێوەیەکی کردەیی پەرلەمان دەبێتە یەک فراکسیۆنی نیشتمانی و چاودێری حکومەت دەکات وەک حکومەتێکی نیشتمانی هەمووان**

دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە بەرنامەی حزبەکانی دیکە دەوڵەمەندتری بکات، ڕەچاوکردنی ئەم بنەما گرنگەی ڕێساکانی دیموکراتی پرۆسەی دانوستاندن بۆ پێکهێنانی حکومەت ئاسانتر دەکات.

٤. لەپرۆسەی دانوستاندن بۆ پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان، ڕەچاوی ئاکامی هەڵبژاردن و سیاسەتی وەزعی راهین لەسەر بنەمای کورسیەکانی پەرلەمانی دەکرێت، ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێت دوو لایەن یان زیاتر نزیکیەکی ئایدۆلۆژی یان هەڵوێستی هاوبەشیان هەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ستراتیژیەتی حکومەتی بنکە فراوانی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، کە ئامادەباشیە بۆ دەسکەوتی نیشتمانی، گرنگە لە ژێر چەتری بەرژەوەندی نیشتمانی هەوڵ بۆ یەکخستنی تواناکان بدەن نەك پەرتکردنی.

٥. لە حکومەتی بنکە فراوانی نیشتمانیدا شێوازی ململانێ لە دژایەتیکردنەوە دەگۆڕێت بۆ ململانێی ئیجابی، بۆ نموونە لە حکومەتی بنکە فراوانی نیشتمانیدا، ئۆپۆزسیۆن بوون لایەنێك یان دوو لایەن بوونی نامێنێت، بەڵکو بەشێوەیەکی کردەیی پەرلەمان دەبێتە یەك فراکسیۆنی نیشتمانی و چاودێری حکومەت دەکات وەك حکومەتێکی نیشتمانی هەمووان، نەك حکومەتی لایەنێك یان دوو لایەن، بوونی پەرلەمان بەیەك فراکسیۆن بۆ چاودێری کۆی کارەکانی هەموو وەزارەتەکانی حکومەت، حکومەت دەکات بە حکومەتێکی چالاك و بەهێز و دەسەڵات سنوردار، بەمانایەکی دیکە حکومەتێك دێتە بەرهەم کە چالاك و بەهێزە بەڵام کارەکانی سنورداره و تەنیا کاری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و راپەڕاندن دەکات و نەك هەر تێکەڵاوی کاری دەسەڵاتەکانی دیکە نابێت، بەڵکو دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری لێپرسینەوە لەگەڵ حکومەت دەکەن.

٦. سەرکەوتنی کابینەی هەشتەم وەك حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی بەو شێوازەی پەرلەمان یەك فراکسیۆنی نیشتمانی بێت بۆ چاودێری حکومەت و حکومەتیش وەك یەك کوتلەی وەزاری نیشتمانی هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بێت جێگەی ڕەزامەندی پەرلەمانتاران و ڕێزگرتنی سەروەریی یاسا بێت، قۆناخێکی دیکە بەرەو پێگەیشتنی دیموکراتی لە کوردستان دەچینە پێشەوە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەقڵی سیاسی کورد بەو ئاستە بەرەو پێگەیشتن دەچێت و بەوجۆرە سەیری دامەزراوەکانی کوردستان دەکات، کە بوونی دامەزراوە بۆ ئەوە نییە دەسەڵات ببەخشێتەوە، بەڵکو بوونی دامەزراوەکان بۆ ئەوەیە دەسەڵاتەکان سنوردار بکات، ئەوجا کاتێك کەلتوری سیاسیی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان ئامادەباشی هەبێت دامەزراوەی قبوڵ بێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکان سنوردار بکات، ئەوا هەر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەوڵەتی دامەزراوەیی و دەوڵەتی سەروەریی یاسا دروست دەبێت و بوونی دەبێت.

## حکومەتی بەهێز
## پێداویستی ئەم قۆناخەیە

بە گەڕانەوە بۆ ئەزموونی دەوڵەتمەداری نێچیرڤان بارزانی، هەموو مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەك کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی



**بە گەڕانەوە بۆ ئەزموونی دەوڵەتمەداری نێچیرڤان بارزانی، هەموو مەزندەکان بەو ئاڕاستەیەن کە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەک کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوەندە ئەکادیمیەکانی جیهان سوپرایزێکی سیاسیی دروست دەکات**

ناوەندە ئەکادیمیەکانی جیهان سوپرایزێکی سیاسیی دروست دەکات، بێگومان ئەو سوپرایزەی هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی پێنجەم دروستی کرد، دروستکردنی گیانی تەبایی و پێکەوە کارکردن بوو لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ بوو دابڕانێکی گەورەی پێکەوە کارکردن و پێکەوە گونجان لەنێوانیاندا هەبوو، بۆیە ئەم هەوڵە بەجۆرێك سەرنجی زانکۆیەکی وەك زانکۆی (واشنتۆن&جیفرسۆن)ی ڕاکێشابوو کە دکتۆرای فەخری بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی کابینەی پێنجەم ببەخشێت، بایەخی ئەم بڕوانامە فەخرییە لەوەدابوو، ئەمە یەکەمین جار بوو ئەم زانکۆیە بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بداتە دەوڵەتمەدارێك یان سیاسەتمەدارێك و هاووڵاتی ئەمریکی نەبێت، هۆکاری دەسنیشانکردنی سەرۆك وەزیرانی کوردستان بۆ بڕوانامە فەخرییە زۆر ورد و گرنگ بوو، ئێمە وەك گوڵان لەسەرەتای مانگی ئایاری ٢٠٠٨ پرسیارمان لەخاتوو تۆری هاری سمیس سەرۆکی زانکۆی واشنتۆن & جیفرسۆن کرد، ئەو هۆکاری سەرەکی بۆ پێدانی ئەم بڕوانامەیەی بە نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە توانیوویەتی دوای شەڕ و دابڕانێکی زۆر پێکەوە کارکردن و پێکەوە گونجان لەنێوان پارتی و یەکێتی دروست بکات و ببێتە فاکتەرێك بۆ گەشەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، ئەم پێزانینەی ناوەندەکانی ئەکادیمی جیهان بە هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی، تەنیا کاری دوو ساڵی نێچیرڤان بارزانی بووە، لە ماوەی کابینەی حەوتەمیشدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی توانی تەنیا لەماوەی کەمتر لە ٢ ساڵدا ژینگەی ئاڵۆزی نێوان لایەنە سیاسییەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێنێت و کرانەوەیەك و لێکتێگەیشتنێك لە نێو هەموو لایەنە سیاسییەکان بهێنێتە ئاراوە و ئێستا کە دووبارە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستانە، هەتا ئێستا هیچ لایەنێکی سیاسیی تێبینی لەسەری نییە و هەموو ئومێدیان پێیەتی کە ئەم قۆناخەش بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنێت، بۆیە وەك پرۆفیسۆر تەیسیر ئالوسی لەوتارێکی تایبەتی کە لەم ژمارەیەی گوڵان بڵاو بۆتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە کابینەی هەشتەم شێوازێکی نوێی حکومڕانی و ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ پەرەپێدانی مرۆیی تاکی کورد پیادە دەکات، ئەمەش هەموو لایەنەکانی ژیان لەکوردستان دەگرێتەوە.

لەم ڕاستەوە و بەپێی ئەو خوێندنەوەی لە ئەزموونی حکومڕانی و بیرکردنەوەی شەخسی نێچیرڤان بارزانی هەستی پێدەکەین، ئەوەیە کەسایەتی نێچیرڤان بارزانی بە سروشتی خۆی بەو جۆرەیە کە لەناو هەموو تەنگژەکاندا چارەسەری گونجاو دەدۆزێتەوە و بۆ جێبەجێکردنی ئەو چارەسەرەش بڕیاری قورس و بەهێز دەدات، بێگومان وەك هەموو زانایانی زانستی سیاسەت جەختیان لەسەر کردۆتەوە، دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان سەقامگیری حکومڕانی دابین دەکات و بڕیاری قورس و بەهێزیش، بەسەرۆك حکومەتێك دەدرێت کە حکومەتەکەی بەهێز بێت، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت کابینەی هەشتەم حکومەتێکی بەهێز بێت بۆ ئەوەی لە ئاستی قۆناخی ئێستاماندا بێت.

**کەسایەتی نێچیرڤان بارزانی بە سروشتی خۆی بەو جۆرەیە کە لەناو هەموو تەنگژەکاندا چارەسەری گونجاو دەدۆزێتەوە و بۆ جێبەجێکردنی ئەو چارەسەرەش بڕیاری قورس و بەهێز دەدات**



## گراهام ویڵسۆن بۆ گوڵان:

# یەکێک لە گرفتەکانی هاوپەیمانی فراوان بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەوەیە بڕیار درەنگ دەردەکرێت و نازانرێت کێ بەرپرسیارە

**پرۆفیسۆر گراهام ویلسۆن ئوستادی زانستی سیاسەت و سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکانە لەزانکۆی بۆستن و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی بەراوردکاری و حکومەت و بزنس و گروپەکانی خاوەن بەرژەوەندی لەناو سیستەمی دیموکراتیدا و رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە سیستەمی دیموکراتیدا، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵ و کاریگەری حزبە سیاسییەکان و کۆبوونەوەیان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەك بۆ پێکهێنانی حکومەت لە سیستەمی دیموکراتی و چۆنیەتی دانوستاندن لەسەر ئەم پرسە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر گراهام ویڵسۆن کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** هەندێك لە پسپۆرانی زانستی سیاسەت ئاماژە بەوە دەکەن یەکێك لە لایەنە ئیجابیەکانی سیستمی دووحزبی وەك ئەوەی لەئەمریکا هەیە، ئەوەیە کە پێکهێنانی حکومەت لەدوای هەڵبژاردن کارێکی ئاسان دەبێت، ئەمە پێچەوانەی سیستمی پەرلەمانیە کە بەدەگمەن حزبێك نیوە زیاتری کورسیەکانی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، ئایا تاچەند لە سیستمی دیموکراتی پەرلەمانیدا پێکهێنانی حکومەت کارێکی قورس دەبێت؟**

- ئەگەر بە وردی سەیری دامەزراوەکانی دەوڵەت بکەین لە ئەمریکا، هەست دەکەین بوونی سیستمی دووحزبی نەبۆتە کار ئاسانی بۆ حکومەت، بەڵکو بوونەتە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە خراپتر بکەن، نەك باشتر. لەبەر ئەوەی لە ئەمریکادا کە دابەشکردنی دەسەڵات هەیە لە نێوان لقە جیاوازەکانی حکومەتدا، کە پارتێك سەرۆکایەتی بەدەستەوەیە و پارتێکیش ئەنجومەنی نوێنەران کە ناکۆکیەکی گەورە هەیە لە نێوانیاندا و ئەمەش-هەروەك ئێوە دەزانن- سەریکێشا بۆ پەکخستنی حکومەت، کاتێك شەڕیان لەسەر بودجە دەکرد... ئێوە باسی سیستمی پەرلەمانیتان کرد کە پێویست بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دەکات، بە شێوەیەکی گشتی ئەمە حاڵەتەکەیە. بەڵام سیستمی پەرلەمانی بە گوێرەی سیستمی هەڵبژاردن گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بۆ نموونە لەبەریتانیادا- ئەگەرچی حاڵی حازر هاوپەیمانێتی هەیە-، بە زۆری براوەیەکی ئاشکرا هەیە کە پێویستی بەوە نییە پەنا بباتە بەر پێکهێنانی هاوپەیمانێتی. دوا شت کە دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە هەندێ جار ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا دەکرێت کە هاوپەیمانێی پێکدەهێنن- یان ئەوەی هەندێ جار لە سیستمی ئەمریکاشدا روودەدات- بۆی هەیە دەرئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی بڕیارەکان زووتر دەرناچن، هەر بۆنموونە دوو زانای زانستی سیاسەت لە بەریتانیا لە کتێبێکی نوێدا، باس لەوە دەکەن کە سیاسەت لە بەریتانیادا کەم و کورتی هەیە لەو رووەوە کە گفتوگۆ و تاوتوێکردنێکی کەم دەکرێت و بڕیارەکان بە خێرایی دەردەچن. جوانی سیستمی دوو حزبی- هەروەك ئەوەی لە بەریتانیا هەبووە- ئەوەیە بەرپرسیارێتی روون هەیە لە ئاست دەنگدەراندا، لە بەریتانیا حکومەت ئەوەندەی دەسەڵات هەیە کە نەتوانرێت رێی لێبگیرێت، لەبەر ئەوەی پێویستی بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی نابێت-، یاخود وەك ئەوەی لە ئەمریکادا روودەدات کە هەندێ لە لقەکانی حکومەت ئەم کارە دەکەن. بەڵام هەروەك روونم کردەوە مەترسی ئەم جۆرە سیستمە ئەوەیە بۆی هەیە کۆبوونەوەی دەسەڵات تێیدا ژیرانە یاخود ناژیرانە بەکاربهێنرێت. هەر لەو کتێبەدا- کە ئاماژەم پێکرد- باس لەوە دەکرێت هەڵە بەهۆی ئەوەوە روودەدات کە حکومەت



زۆر بە ئاسانی دەتوانێت سیاسەت و ئەو گۆڕانکاریانە تێپەڕێنێت- کە دەیەوێت.

*** بەڵام زۆر جار لە سیستەمە پەرلەمانیەکاندا پرۆسەی دانوستاندن بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی بە بن بەست دەگات و لایەنەکان بۆ ماوەیەکی درێژ ناتوانن هاوپەیمانی دروست بکەن، ئەمەش پێکهێنانی حکومەت دوادەخات، ئایا ئەم لایەنەش دەرهاویشتەی سلبی نابێت؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە کە پێویستی پێکهێنانی حکومەت بۆی هەیە کێشەی لێبکەوێتەوە. هەر بۆ نموونە لە بەلجیکا نزیکەی ٥٤١ ڕۆژ دوای هەڵبژاردنەکان حکومەتی هاوپەیمانێتی پێکهات. کەواتە کێشەکانی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی حاڵەتی توندی لێدەکەوێتەوە، وەك ئەم حاڵەتە. هەندێ جاریش بوونی گفتوگۆی نێوان بۆچوون و پارتە سیاسیە جیاوازەکان دەرئەنجامی باشی دەبێت. ئەگەر لە سیستمێکدا کە دوو پارتی سیاسی هەبوو، یان دوو پارتی سیاسی باڵادەست بوون، وەك بەریتانیا، ئەوا هێشتا جیاوازی لە نێوان دوو پارتەکەدا دەبێت و زۆر بە دەگمەن دەگەنە ڕێککەوتن لەبارەی ئەوەی دەبێت چ سیاسەتێك بگیرێتەبەر. بە زۆریش کاتێك ڕێککەوتن دەبێت ئەوا هەڵە دەکرێت، کەواتە گفتوگۆ و سازشکردن بۆی هەیە شتێکی باش بن لە سیاسەتدا. کێشەکە ئەوەیە کاتێك گفتوگۆ و سازشکردن لە ئارادا نابێت، ئەوا بە بنبەستگەیشتن ڕوودەدات.

*** لایەنێکی دیکەی پێکهێنانی حکومەت لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوانە، واتە هەموو ئەو لایەنانە بەشداری بکەن کە لە پەرلەماندا کورسیان هەیە، ئەمەش واتە ئۆپۆزسیۆن بوونی نامێنێت، ئایا نەمانی ئۆپۆزسیۆن پاشەکشە نییە لە دیموکراتی؟**

- دەکرێت یەکێك لە پاساوەکانی حکومەتی هاوپەیمانێتی ئەوە بێت کە بوار بە نوێنەرایەتکردنی بەشێکی بەرفراوانی بۆچوون و بەرژەوەندیەکان دەدات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ڕەنگە ئەمە ببێتەهۆی دەستەپاچەبوون و نەتوانرێت هیچ کارێك ئەنجام بدرێت. پێموایە کاتێك تۆ پێویستت بە هاوپەیمانێتی دەبێت، ئەوا مەترسیە گەورەکە ئەوەیە، یاخود بڵێین چەندین مەترسی هەیە، ڕەنگە یەکێکیان بریتی بێت لە دواخستنی کارەکان، یەکێکیان بریتی بێت لەوەی ناڕوونیەك هەبێت لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر سیاسەتەکان، بۆی هەیە یەکێکی دیکەیان ئەوەبێت هەندێ پارتی بچووك داواکاری سەیر و سەمەرە بکەن تەنها بۆ ئەوەی ڕابکێشرێن و بەشداری لە هاوپەیمانێتییەکەدا بکەن، کەواتە چەندین کێشە هەیە لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتیدا. بەڵام کێشە لە بوونی دەسەڵاتی بەهێزیشدا هەیە، هەروەك وتم ڕەنگە بڕیارەکان بە پەلە بدرێن و دواتر پەشیمان بوونەوەیان لە دوابێت.


*** زۆربەی ئەو وڵاتانەی بە قۆناخی ڕاگواستن بەرەو دیموکراتی تێدەپەڕن، کێشەی کەمی سەرچاوەی داهاتیان هەیە، ئەمەش زۆر جار دەبێتە هۆکاری ناسەقامگیری حکومی، ئایا تا چ ڕاددەیەك نەبوونی ئابووریەکی گەورە لە قۆناغی ڕاگوزەری، دیموکراسی دەخاتە مەترسیەوە؟**

- پێموایە هەمیشە مەترسی هەیە کاتێك ئابووریەکی لاوازت دەبێت و ریشەی دیموکراسی بە باشی نەچەسپیبێت. کەواتە هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا، ئەگەر ئابووری لە دۆخێکی خراپدابێت، ئەوا ئەمە دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە لەسەر وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی. پێموایە پێویست بە حکومەتێکی کارا دەکات بۆ ئەوەی گەشەکردنێکی ئابووری کارات هەبێت. لە زۆرێك لە وڵاتاندا حکومەت، بە تایبەتی لە یابانی ساڵانی پەنجاکان وشەستەکاندا، هەروەها لە کۆریای باشووردا، حکومەت ڕۆڵێکی زۆر بەهێزی بینی لە گەشەپێدانی ئابووریدا، هەندێ جار هۆکاری ئەمە ئەو دەسەڵاتە بووە کە سیاسییەکان هەیانبووە، هەندێ جاریش هۆکارەکە ئەو بیرۆکراسیەتە بووە کە سەرکردایەتی دەستەبەرکردووە.

**گفتوگۆ و سازشکردن بۆی هەیە شتێکی باش بن لە سیاسەتدا. کێشەکە ئەوەیە کاتێک گفتوگۆ و سازشکردن لە ئارادا نابێت، ئەوا بە بنبەستگەیشتن ڕوودەدات**

**کاتێک تۆ پێویستت بە هاوپەیمانێتی دەبێت، ئەوا مەترسیە گەورەکە ئەوەیە، یاخود بڵێین چەندین مەترسی هەیە، ڕەنگە یەکێکیان بریتی بێت لە دواخستنی کارەکان، یەکێکیان بریتی بێت لەوەی ناڕوونیەک هەبێت لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر سیاسەتەکان**

**هەمیشە مەترسی هەیە کاتێک ئابووریەکی لاوازت دەبێت و ریشەی دیموکراسی بە باشی نەچەسپیبێت. کەواتە هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا، ئەگەر ئابووری لە دۆخێکی خراپدابێت، ئەوا ئەمە دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە لەسەر وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی**



## ریچارد بینسڵ بۆ گوڵان:

# لەسیستمی دیموکراتی پەرلەمانیدا دروستکردنی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت کارێکی ئاسان نییە

**پرۆفیسۆر ریچارد ئیف بینسڵ ئوستادی حکومەت و سەرۆکی بەشی دیراساتی حکومەتە لەزانکۆی کۆرنیل و پسپۆر و تایبەتمەندە لە بواری سیاسەتی ئەمریکاو ئابووری سیایی و هەروها تایبەتمەندە لەسەر پەرەپێدان و حزبەکان و هەڵبژاردن و کەلتوری سیاسیی و ریفۆرمی دامەزراوەیی، بۆ قسەکردن لەسەر دروستکردنی هاوپەیمانی لە سیستمی پەرلەمانی دیموکراتی و پێکهێنانی حکومەت و بەراورد لە نێوان سیستمی دوو حزبی و سیستمی فرەحزبیدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر بێنسڵ ئەنجامداو بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** بە شێوەیەکی گشتی لە سیستمی دیموکراتی دوو حزبیدا، بە چەشنی ئەوەی لە ئەمریکادا هەیە، ئەوا پێکهێنانی حکومەت دوای هەڵبژاردن کارێکی ئاسانە، لەبەر ئەوەی لایەنێك براوە و لایەنێك دۆڕاو دەردەچن لە دوای هەڵبژاردن، بەڵام لە سیستمی پەرلەمانیدا فرەحزبی هەیە و تەنها حزبێك بە تەنها ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، لەبەر ئەوە پێویستە هاوپەیمانێتی دروست بکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان کارێکی سەختە؟**

- ئەمە قورسە، و حاڵی حازر ئەڵمانیا خۆی ئەم کێشەیەی هەیە، هەر ئەمەشە وایکردووە سیستمی سەرۆکایەتی و لەبەرامبەر سیستمی پەرلەمانیدا لایەنی ئیجابی و سلبی هەیە، لایەنە ئیجابییەکە ئەوەیە- هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد- لە سیستمی سەرۆکایەتیدا کاتێك لایەنێك براوە دەبێت، ئەوا بەرپرسیار دەبێت لەبەرامبەر حکومەتدا، لە کاتێکدا لە سیستمی پەرلەمانیدا، پارتگەلێك دەرئەنجامی باش بەدەست دەهێنن و پارتگەلێکیش ئەنجامەکانیان خراپ دەبێت، بەڵام بە دەگمەن پارتێك بە تەنها براوە دەبێت، لە دەرئەنجامیشدا کاتێك حکومەت پێکهێنرا، ئەوا هیچ پارتێك بەرپرسیار نابێت لە ئەدای حکومەت، کەواتە نەك تەنها پێکهێنانی حکومەت قورسە، بەڵکو بۆ دەنگدەرانیش قورسە کە ئەوە دیاری بکەن چ پارتێك بەرپرسیارە لە ئەدای حکومەت. لەبەر ئەوەی بە زەرورەت سازش لەسەر سیاسەتەکانی دەکات.

*** وەك بەڕێزت ئاماژەت پێکرد کەواتە پرۆسەی بڕیاردان ئاسان نابێت، بە هەمان شێوە جێبەجێکردنی بڕیارەکانیش قورس دەبێت، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك کاریگەری خراپی لەسەر حکومەت دەبێت؟**

- پێموایە هەموو دیموکراسیەکان لە دەرکردنی بڕیاری قورسدا رووبەڕووی زەحمەتی دەبنەوە، کە پارتێك کۆنترۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران و پارتێکیش کۆنترۆڵی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی پیرانی کردووە، کە رووبەڕووی دژواریەکی زۆر زۆر بوونەتەوە لە دەرکردنی بڕیاری قورسدا. ئێمە دەزانین سیستمی پەرلەمانیش ئەم کێشەیەی هەیە، بەڵام لە سیستمی سەرۆکایەتیشدا ئەمە چارەسەر نەکراوە، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی هەموو دیموکراسیەکان رووبەڕووی دژواری دەبنەوە لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی گران لەسەر دەنگدەران دەکەوێت.

*** دەمانەوێت جەخت لەسەر وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بکەینەوە، کە تێیاندا دیموکراسی گەشەی نەکردووە و کامڵ نەبووە و نوێیە، کە تێیاندا زۆر جار پارتە سیاسییەکان لەبری بەرژەوەندی گشتی، بایەخ بە بەرژەوەندی تایبەتی دەدەن، هەمان شت بۆ پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتیش راستە، کە زۆر درێژە دەکێشێت، ئایا تا چەند دواخستنی پێکهێنانی حکومەت کاریگەری هەیە لەسەر دیموکراسی؟**

- من تا رادده‌یه‌ك به‌ شێوه‌یه‌كی جیاواز وه‌ڵامی پرسیاره‌كه‌تان ده‌ده‌مه‌وه‌، بۆ ئه‌وه‌ی سیستمێكی دیموكراسی نوێت هه‌بێت، به‌ زۆری ئه‌وه‌ حاڵه‌ته‌كه‌یه‌ كه‌ زۆرێك له‌ پارته‌كان متمانه‌یان پێناكرێت، و هه‌ر كاتێكیش پارتێك براوه‌ بوو، ئه‌وا ئه‌و قه‌ناعه‌ته‌ دێته‌ئاراوه‌ كه‌ ده‌ستبه‌رداری ده‌سه‌ڵات نابێت، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر له‌ هه‌ڵبژاردنی داهاتووشدا بدۆڕێت. كه‌واته‌ پێكهێنانی رژێمێكی دیموكراتی سه‌قامگیر، كه‌ تێیدا هه‌موو لایه‌ك پابه‌ندبن به‌ رێساكانی گه‌مه‌كه‌وه‌، واته‌ چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌ هه‌بێت كه‌ هه‌موو لایه‌ك گه‌مه‌یه‌كی خاوێن و ره‌وا و راستگۆیانه‌ بكات، كه‌ خه‌ڵكی باوه‌ڕیان وابێت سه‌ركه‌وتوو ده‌بێت، كارێكی قورسه‌.

*** به‌ زۆری پێشنیاری ئه‌وه‌ ده‌كرێت حكومه‌تی بنكه‌فراوان پێكبهێنرێت له‌ وڵاته‌ تازه‌گه‌شه‌كردووه‌كاندا، كه‌سه‌رجه‌م پارته‌كان به‌شداری ده‌كه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی سه‌قامگیری كۆمه‌ڵایه‌تی بپارێزن بێ ئه‌وه‌ی موعاره‌زه‌ له‌ ئارادابێت، ئایا ئه‌مه‌ نابێته‌هۆی ئه‌وه‌ی به‌هاكانی دیموكراسی له‌ كۆمه‌ڵگه‌دا نه‌چه‌سپێت؟**

- حكومه‌تێكی بنكه‌فراوانی وه‌ك ئه‌وه‌ی ئێوه‌ ئاماژه‌ی پێده‌كه‌ن كه‌ نه‌توانێت هیچ كارێك بكات و هیچ بڕیارێك بدات، ئه‌وا ناتوانێت به‌ باشی نوێنه‌رایه‌تی ئیراده‌ی خه‌ڵك بكات، من له‌ پرسیاره‌كه‌ی ئێوه‌ تێده‌گه‌م. حكومه‌تی بنكه‌ فراوان دوو شت ده‌كات، یه‌كه‌میان مه‌ترسی ئه‌وه‌ كه‌م ده‌كاته‌وه‌ كه‌ پارتێك به‌ ته‌نها ده‌سه‌ڵات بگرێته‌ده‌ست و دواتر ده‌سته‌به‌رداری نه‌بێت. ئه‌مه‌ لایه‌نێكی باشه‌، لایه‌نه‌ خراپه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه‌ ناتوانێت بڕیارێكی قورس، یان سه‌خت، یان یه‌كلاكه‌ره‌وه‌ ده‌ربكات له‌ ئاست ئه‌و كێشانه‌ی رووبه‌ڕووی حكومه‌ت ده‌بێته‌وه‌، ئه‌مه‌ش شتێكی خراپه‌. به‌ڵام له‌ دیموكراسیه‌ نوێیه‌كاندا ئه‌و مه‌ترسیه‌ش هه‌یه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر حكومه‌تی بنكه‌فراوان دروست نه‌بێت، ئه‌وا مه‌ترسی ئه‌وه‌ هه‌یه‌ پارته‌كه‌ی دیكه‌ ده‌سته‌به‌رداری ده‌سه‌ڵات نه‌بێت، ئه‌مه‌ش ناسه‌قامگیری دروست ده‌كات، كه‌واته‌ ناسه‌قامگیری شتێكی حه‌تمیه‌ له‌ دیموكراسیه‌ نوێیه‌كاندا.

*** ئایا مه‌به‌ست له‌ حكومه‌تی بنكه‌ فراوان ئه‌وه‌یه‌ هه‌موو پارته‌كان به‌شداری بكه‌ن، یان هه‌ندێ له‌ پارته‌كان به‌شداربن و ئه‌وانی دیكه‌ش ببنه‌ موعاره‌زه‌؟**

- مه‌سه‌له‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌ به‌دوای باشترین به‌دیلدا بگه‌ڕێیت، كه‌ ده‌كرێت پارته‌ سه‌ره‌كیه‌كان هاوپه‌یمانێتی پێكبهێنن و ده‌سه‌ڵات بگرنه‌ده‌ست، و پارته‌ توندڕه‌وه‌كانیش- كه‌ ئومێد ده‌كه‌ین پارتی بچووك بن- له‌ ده‌ره‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتدا و له‌ موعاره‌زه‌دا بمێننه‌وه‌، به‌م شێوه‌یه‌ ده‌كرێت حكومه‌ت دروست بكه‌یت، ئه‌مه‌ش پێشنیارێكی باشه‌.

*** له‌ سیستمی فره‌حزبیدا، به‌ تایبه‌تی له‌ وڵاته‌ تازه‌گه‌شه‌كردووه‌كاندا، ململانێی نێوان پارته‌ سیاسییه‌كان پتر ململانێیه‌كی ئایدۆلۆژیه‌، واته‌ له‌سه‌ر بنه‌مای به‌رنامه‌ی پێش هه‌ڵبژاردن نییه‌، ئه‌مه‌ش ئاشتی كۆمه‌ڵایه‌تی ده‌خاته‌ مه‌ترسیه‌وه‌، ئایا تا چه‌ند پاراستنی ئاشتی كۆمه‌ڵایه‌تی له‌ سیستمی دیموكراسیدا گرنگه‌؟**

- ئه‌م پرسیاره‌ی ئێوه‌ له‌باره‌ی پێكهێنانی حكومه‌ته‌وه‌ نییه‌، به‌ڵكو ئه‌و گرژیه‌ كۆمه‌ڵایه‌تیه‌ ده‌گرێته‌وه‌ كه‌ له‌ كۆمه‌ڵگه‌دا له‌ ئارادایه‌، بوونی هه‌ستێكی ئایینی توندڕۆیی به‌هێز، یان گروپی ئایدۆلۆژی به‌هێز هه‌یه‌، یان دابه‌شبوونی چینایه‌تی، یاخود ناسنامه‌ی خێڵه‌كی، ئه‌وانه‌ هه‌موویان به‌هێزن، پرسیار ئه‌وه‌یه‌ ئایا پێكهێنانی حكومه‌ت ئه‌م دابه‌شبوونانه‌ كه‌متر بكاته‌وه‌ یان خراپتریان بكات؟، چونكه‌ ئه‌و دابه‌شبوونانه‌ له‌ ئارادان. كاتێك تۆ باسی قوڵتركردنه‌وه‌ی ئه‌م دابه‌شبوونانه‌ ده‌كه‌یت، یاخود كه‌مكردنه‌وه‌ی ئه‌م گرژیه‌ كۆمه‌ڵایه‌تیانه‌ ده‌كه‌یت، ئه‌وا له‌ پێكهێنانی حكومه‌تدا هه‌وڵده‌ده‌یت ئه‌و گرژیانه‌ نوێنه‌رایه‌تیان هه‌بێت له‌ حكومه‌تدا، له‌به‌ر ئه‌وه‌ پێویستت به‌ سازشه‌. به‌ڵام ئه‌گه‌ر گه‌وره‌ بوون و دووان بوون، ئه‌وا ده‌كرێت سیستمی سه‌رۆكایه‌تی هه‌ڵبژێریت، به‌ڵام ئه‌گه‌ر زۆر بوون و به‌ یه‌كداچوبوون، ئه‌وا ره‌نگه‌ سیستمی په‌رله‌مانی هه‌ڵبژێریت.

*** له‌ بارودۆخی ئاڵۆزی وڵاته‌ تازه‌گه‌شه‌كردووه‌كاندا، ئه‌وا وڵاتان هه‌وڵی بنیاتنانی ژێرخان ده‌ده‌ن و پرۆسه‌ی په‌ره‌پێدانیش پێویستی به‌ ئابوورییه‌كی گه‌وره‌ هه‌یه‌، به‌ڵام حكومه‌ت وه‌ك پێویست گه‌شه‌ی نه‌كردووه‌ و دامه‌زراوه‌كانیش به‌ره‌وپێش نه‌چوونه‌، تا چ راده‌یه‌ك نه‌بوونی ئابووریه‌كی گه‌وره‌ قۆناغی راگوزه‌ری به‌ره‌و دیموكراسی ده‌خاته‌ مه‌ترسیه‌وه‌؟**

- من پێموایه‌ مه‌به‌ستان ئه‌وه‌یه‌ ئایا ئاستی گه‌شه‌ی ئابووری، یان داهات كاریگه‌ری هه‌یه‌ له‌سه‌ر به‌رده‌وامبوونی دیموكراسیه‌ نوێیه‌كان؟، ره‌نگه‌ ئه‌وه‌ راست بێت، راسته‌ له‌به‌ر چه‌ند هۆكارێكی ئاڵۆز، هه‌ندێكیان په‌یوه‌ندیان به‌ گه‌شه‌كردنی ئابووریه‌وه‌ هه‌یه‌، گه‌شه‌كردنی ئابووری به‌ مانای ئه‌وه‌دێت خه‌ڵكی ده‌ست له‌ ده‌ستكه‌وته‌ مه‌ودا نزیك و مامناوه‌ندیه‌كان هه‌ڵبگرن و سه‌رمایه‌ بخه‌نه‌گه‌ڕ بۆ ئه‌وه‌ی له‌ مه‌ودای دووردا گه‌شه‌ی ئابووری به‌ده‌ست بهێنرێت، به‌ڵام ئه‌گه‌ر هه‌موو داهاته‌كه‌ت به‌كاربه‌یت، ئه‌وا هه‌رگیز ئابووریه‌كه‌ت گه‌شه‌ ناكات. دیموكراسیه‌كان كێشه‌یان هه‌یه‌ له‌وه‌دا كه‌ ئه‌و هاووڵاتیانه‌ی زۆر هه‌ژارن، ده‌یانه‌وێت راسته‌وخۆ به‌رهه‌می ده‌نگه‌كه‌یان، ده‌سه‌ڵاته‌ سیاسییه‌كان بچننه‌وه‌.. هه‌ندێ جاریش زۆر زه‌حمه‌ت ده‌بێت كه‌ دیموكراسیه‌ نوێیه‌كان له‌ وڵاته‌ هه‌ژاره‌كاندا كه‌ ئه‌و كێشه‌ی به‌ده‌ستهێنانی راسته‌وخۆی داهاته‌ دوابخه‌ن بۆ به‌رژه‌وه‌ندی وه‌به‌رهێنان له‌ ئابووریدا، ئیتر له‌ رێی ده‌وڵه‌ته‌وه‌ بێت، یان به‌رژه‌وه‌ندی ئابووری تایبه‌ته‌وه‌ بێت، ئه‌وه‌ش كێشه‌یه‌، ئه‌مه‌ش هه‌ڕه‌شه‌یه‌كی گه‌وره‌یه‌ له‌ سه‌ر دیموكراسیه‌ نوێیه‌كان، چونكه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌و پاره‌یه‌ی هه‌یانه‌ به‌كاری بهێنن و خه‌رجی بكه‌ن، ئه‌وا ئابووری گه‌شه‌ ناكات، و متمانه‌شیان به‌ دیموكراسی له‌ ده‌ست ده‌ده‌ن، وه‌ك داینه‌مۆی گه‌شه‌كردنی ئابووری.

**پێكهێنانی رژێمێكی دیموكراتی سه‌قامگیر، كه‌ تێیدا هه‌موو لایه‌ك پابه‌ندبن به‌ رێساكانی گه‌مه‌كه‌وه‌، واته‌ چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌ هه‌بێت كه‌ هه‌موو لایه‌ك گه‌مه‌یه‌كی خاوێن و ره‌وا و راستگۆیانه‌ بكات، كه‌ خه‌ڵكی باوه‌ڕیان وابێت سه‌ركه‌وتوو ده‌بێت، كارێكی قورسه‌**

**حكومه‌تی بنكه‌ فراوان دوو شت ده‌كات، یه‌كه‌میان مه‌ترسی ئه‌وه‌ كه‌م ده‌كاته‌وه‌ كه‌ پارتێك به‌ ته‌نها ده‌سه‌ڵات بگرێته‌ده‌ست و دواتر ده‌سته‌به‌رداری نه‌بێت، لایه‌نه‌ خراپه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه‌ ناتوانێت بڕیارێكی قورس، یان سه‌خت، یان یه‌كلاكه‌ره‌وه‌ ده‌ربكات له‌ ئاست ئه‌و كێشانه‌ی رووبه‌ڕووی حكومه‌ت ده‌بێته‌وه‌**

**گه‌شه‌كردنی ئابووری به‌ مانای ئه‌وه‌دێت خه‌ڵكی ده‌ست له‌ ده‌ستكه‌وته‌ مه‌ودا نزیك و مامناوه‌ندیه‌كان هه‌ڵبگرن و سه‌رمایه‌ بخه‌نه‌گه‌ڕ بۆ ئه‌وه‌ی له‌ مه‌ودای دووردا گه‌شه‌ی ئابووری به‌ده‌ست بهێنرێت**



## لەشەست و پێنجەمین ساڵیادی جاڕدانی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا

# پەیامێک بۆ دەوڵەتانی خاوەن ڤیتۆ



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

بەڕێزان سەرکەوتووانی دوای جەنگی دووەم جیهان و، خاوەنانی بیرۆکەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ:

ئەمڕۆ شەست و پێنج ساڵ بەسەر جاڕدانی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا تێپەڕ دەبێت و، مرۆڤایەتییش لەهەموو ڕۆژێك زیاتر پێویستیی بەگێڕانەوەی پێگەی شیاوی مرۆڤبوونی خۆی هەیە.

گەلانی بێ دەوڵەتی ئەمڕۆ پێویستییان بە دەنگی ئێوە هەیە تا پێیان بڵێن:

بمانبوورن کە تا ئەمڕۆش ئاوڕی خێرمان لە ئێوە نەداوەتەوە!!

مرۆڤگەلێکی زۆری ئەم سەردەمە لە زۆر ناوچەی جیهاندا دەڵێن:

فراوانیی وڵاتانی ئێوە بەئێمە چی؟ ئەگەر جێگەی ئێمە تەنگ بێت لەو دەوڵەتانەی بەزۆر کراونەتە خاوەنی خاکمان؟

ئێوە دەوڵەتەکانتان نوێ دەکەنەوە، بەڵام بیرکردنەوەتان لە ئاست کێشەکانی ئێمەدا هەر کۆنە، باڵەخانەکانتان بڵندترو بەرزتر دەبن، بەڵام هیممەتتان لەئاست خەمەکانی ئێمەدا هەر نزمە.

ئەمڕۆ کە پێویستیمان بەئێوە هەیە، تەنها گوڵێکمان پێشکەش بکەن لەدەوڵەتی خۆماندا، باشترە لە چەپکێك گوڵ کە سبەی لەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکانمانی دادەنێن لەو وڵاتانەی کە بەسەریاندا دابەشکراوین.

ئێوە کە هەموو خەمتان ئەوە بێت کە لە جوانترین شوێنی دنیادا،



گرانترین شتتان هەبێت، ئەوە گەلانێك خەریكە دەبنە هەرزانترین شتی جیهان.

ئێمەو زۆری وەك ئێمەش جەستەمان ماندووە بەدەست بڕیارەكانی دوێنێی ئێوەوە، بەڵام هێشتا ویژدانمان ئاسوودەیە، باشتر نییە لەوەی كە ئێوە ویژدانتان ماندووە و، باجەستەشتان ئاسوودە بێت. ئێوە دڵنیان لە وڵاتی خۆتانداو، ڕۆژانە دەست بۆ ژیان دەشۆن، بەڵام زۆرێك لەگەلانی جیهان لە برسا یان لە ترسا خەریكە دەست لە ژیان دەشۆن!!

ئێوە چاكتان كرد كە حەزتان نەكرد كۆیلە بن بەدەست كەسەوە، چاكتریش دەكەن ئەگەر هەوڵ بدەن كەس كوێخا نەبێت بەسەر گەلی كوردستانەوە.

ئێوە ئەگەر حەز دەكەن لەبیری خەڵكیدا بمێننەوە و لەیاد نەچن، پەیكەری سەركردەكانتان لەسەر شەقامەكان دروست مەكەن، بەڵكو بەگێڕانەوەی مافی گەلان، پەیكەرێك بۆ خۆتان لە دڵی خەڵكی بێ نەوادا دروست بكەن.

ئێمەی گەلانی دێرین وەك بەساڵاچوویەك واین، بترسن لەنەمانی گەلانی دێرین و بەتەمەن، چونكە وەك گووتراوە: كە بەساڵاچوویەك دەمرێت، كتێبخانەیەك لەنێو دەچێت و، باسەكانی رابووردوو لەگەڵ خۆیان دەبەنە ژێر گڵ.

ئێوە كە گەورەن پێویستە لەو ڕاستییە بگەن كە لقی درەختی بەردار لەبەر ئەوەی قورسە بۆیە هەمیشە بۆ خێری مرۆڤایەتی شۆڕدەبێتەوە، ئێوە ئەگەر مانگن لە ئاسماندا با لە ئاوی سەر زەوی ئێمەدا وێنەتان دەربكەوێت.

لەساڵرۆژی جیهانیی مافەكانی مرۆڤدا ئێوەی گەورەكان وریابن، مەهێڵن هیچ دەوڵەتێك دەست بەسەر گەلانی دیكەدا (بڵند) بكات، مەهێڵن دەست (درێژ ) بكەن بەسەر كەسدا، حەزیش مەكەن گەلانی بێ ماف دەست لەئێوەو ئەوان (پان)بكەنەوە.

بەبێدەنگیی گەلانی لاوازی ئەمڕۆ فریو مەخۆن، چونكە زۆرجار بێدەنگییش قسەكردنە، بێدەنگیی هاواری ناخە، یان وەڵامێكی قورسە كە ئەمڕۆ لەگوتن نایەت، یان هەڵوێستێكی توندە كە ئەمڕۆ لەدەربڕین نایەت. پێویستە بزانن كە جیهان زۆر پێویستیی بەدەوڵەتگەلێكی وەك ئێوەیە كە لەبێدەنگییان بگەن و، بشزانن هەموو بێدەنگییەك نیشانەی ڕازیی بوون نییە.

شەست وپێنج ساڵە گەلانێكی بێ ماف و نەتەوەگەلێكی بێ دەوڵەت گوێ بیستی جاڕنامەی گەردوونی مافەكانی مرۆڤن و، نزیكەی سەدەیەكیشە خاكی جیهانتان بەهەڵە دابەشكردووەو، بەهەڵەش گەلانتان لە خاكی یەكتردا كۆكردۆتەوە، ئێوە كە ناوتان لەخۆ ناوە گەلانی ئازاد، ئەو كاتە ئازادن كە بتوانن ئەمڕۆ بەهەڵەكانی دوێنێی خۆتان پێبكەنن، ئەو كاتەش ئازان كەوێڕای كێشەكانتان بتوانن بەگێڕانەوەی ماف و خاك بۆ خاوەنەكانیان، بۆ خەڵك پێبكەنن، نەك بەخەمی خەڵك پێبكەنن.

**ئەمڕۆ كوردستان پێویستی بە ئێوەیە كە تەنها گوڵێكمان لە دەوڵەتی خۆماندا پێشكەش بكەن، باشترە لەچەپكێك گوڵ كە سبەی لەسەر گۆڕە بەكۆمەڵەكانمانی دادەنێن لەو وڵاتانەی كە بەسەریاندا دابەشكراوین**

**بەبێدەنگیی گەلانی لاوازی ئەمڕۆ فریو مەخۆن، چونكە زۆرجار بێدەنگییش قسەكردنە، بێدەنگیی هاواری ناخە، یان وەڵامێكی قورسە كە ئەمڕۆ لەگوتن نایەت، یان هەڵوێستێكی توندە كە ئەمڕۆ لەدەربڕین نایەت. پێویستە بزانن كە جیهان زۆر پێویستیی بەدەوڵەتگەلێكی وەك ئێوەیە كە لەبێدەنگییان بگەن و، بشزانن هەموو بێدەنگییەك نیشانەی ڕازیی بوون نییە.**

## جیم بەتەرفیلد بۆ گوڵان:

# نازانرێت بارودۆخی ئێستای عێراق بەرەو کوێ دەڕوات بەڵام ئەگەری دابەشبوون و شەڕی ناوخۆ لە ئارادایە



**پرۆفیسۆر جیم بەتەرفیلد ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی وێسترن میشیگان، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیاو دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست و بونیادی دیموکراتی، هەروەها تایبەتمەندە لەسەر عێراق و ئێران و تورکیا، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر جیم بەتەرفیلد کردو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك بوشدا، ئەمریکا هەردوو وڵاتی عێراق و ئەفغانستانی داگیرکرد بۆ لەناوبردنی بنکەی تیرۆریستان لەم دوولاتەدا، بەڵام دواتر بوونە گۆڕەپانی شەڕی تیرۆر، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دۆخەکە بەم ئاڕاستەیەدا رۆیشت و بەو شێوەیە نەبوو کە ئەمریکا پێشبینی کرد؟**

- ئیدارەی بوش بێئەندازە سەرچیغ چوو لەوەی کە پێیوابوو دەتوانێت لە عێراق و ئەفغانستان بەدەستی بهێنێت، ئەوەتان لە یاد بێت ئەو پێشبینی ئەوەی دەکرد عێراقیەکان بە گوڵباران پێشوازی لە سەربازە ئەمریکیەکان بکەن. لەبەشێکیدا هۆکاری ئەو سەرچیغیە ئەوەبوو کە متمانەیەکی زیاد لە پێویستی هەبوو بەوەی دەتوانێت بە کردەوەی سەربازی هەرچی دەیەوێت و ئامانجیەتی دەتوانێت بەدەستی بهێنێت. هەروەها هۆکارێکی دیکەش بێئاگایی بوو لە دیموگرافیای قووڵ و ئاڵۆزی کۆمەڵگەی عێراقی. وەك پیشەیی زۆرجاریان، هێزە کۆلۆنیە ئەوروپیەکان کۆمەڵگەگەلێکی فرەئیتنی و فرەمەزهەبیان لە دوای خۆیان جێهێشت کاتێك سەربەخۆییان گەڕاندەوە بۆ کۆلۆنیەکانی پێشوویان. بە هەمان شێوە ئەوە پیشەیان بووە، کە وەك پیادەکردنی ستراتیژی پەرتکە و زاڵبە، لە رۆژگاری کۆلۆنیاڵیدا گروپێکی ئیتنی یان ئایینیان دژ بە گروپێکی دیکە بەکارهێناوە. سوریا، و کینیا و نەیجیریا نمونەگەلی کۆمەڵگەگەلێکی ناسەقامگیرن کە بەدەست ئەم میراتەوە دەناڵێنن. ئەمە لە کاتێکدا زۆرێك لە شارەزایان لەم داینامیکیەتانە تێدەگەن و راوێژ و راسپاردەی ئەوان دژ بە داگیرکردنی عێراق و ئەفغانستان بوو، بەڵام رای گشتی ئەمریکا و سەرکردایەتیەکەی لە تێڕوانینیاندا بۆ جیهان، مێژوو نادیدە دەگرن.

*** بەڵام دوای ئەوەی هێزەکانیان لە عێراق کشاندەوە ویستیان وا پیشانی رای گشتی جیهان و ئەمریکای بدەن، کە ئەوان لەشەڕەکە سەرکەوتن بۆیە دەکشێنەوە،**

**بەڵام وەك ئێستا دەبینین توندوتیژییەکان بە ئاستێکن حکومەتی عێراق ناتوانیت کۆنترۆڵی بکات، ئایا ئەمە سەرکەوتنە؟**

- بە دڵنیاییەوە سەرکەوتن نییە، هەروەها من ناشتوانم پێشبینی ئەوە بکەم عێراق بەرەو کوێ دەڕوات، بەڵام بێگومان ئەگەری روودانی ئەم سیناریۆیە لە ئارادایە کە حکومەت دەسەڵاتی نەمێنێت و ببێتە پاشا گەردانی. هەروەها سیناریۆیەکی دیکە بریتییە لە دابەشبوونی وڵاتەکە لەسەر بنەمای تائیفی و بەرپابوونی شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری. سیناریۆی سێیەم، ئەوەیە لایەنێك دیکتاتۆریەتێکی دڕندە دابمەزرێنێت، بە چەشنی دیکتاتۆریەتی سەددام حوسێن و ئەسەد و قەزافی. ئەم دیکتاتۆرانە بە زەبر و زەنگ هێمنییەك بەسەر لایەنە ململانێکارەکاندا دەسەپێنن، ئەگەرچی ئەوە تەنها کێشەکان دوا دەخات و چارەسەریان ناکات. سیناریۆی کۆتایی ئەوەیە لایەنەکانی عێراق فێری پێکەوەژیان بن. ئەمەش ئەندازەیەکی زیاتری لێبوردەیی و سازشکردنی دەوێت، وەك ئەوەی حاڵی حازر لە ئارادایە. توێژینەوەیەکی زۆر هەیە لەبارەی داڕشتنی ئەو دامەزراوانەی هانی سازشکردن و هاوکاریکردن دەدەن، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی دابەشبووی وەك عێراقدا، ئەمە کارێکی ئاسان نابێت.

*** ئێستا تەکتیکی تیرۆریستان گۆڕاوە لە عێراقدا، پێشتر تەنها ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و تەقینەوەی خۆکوژی بوو، ئێستا لە ڕێی خۆکوژەکانەوە هێرش دەکەنەسەر زیندانەکان، وەك ئەوەی لە ئەبوغرێب روویدا، ئایا ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە تیرۆریستان تەحەددای حکومەتی عێراقی دەکەن؟**

- هەمیشە تیرۆریستان دەبنە تەحەددی بۆ ئەو بارودۆخەی لە ئارادایە. کاتێك ئەمریکا لە عێراق کشایەوە، ئەوا بارودۆخەکە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە دەپارێزرێت. لەبەر ئەوە شتێکی لۆجیکیە کە تیرۆریستان بیکەنە ئامانج. لەلایەکی دیکەوە لەو قۆناغە راگوزەریانەدا کە تا دوا رادە شلۆق و ناکۆکی هەڵگرە، وەك ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵی کەمی رابردودا عێراقی پێدا تێپەڕیوە، بە دەگمەن دەتوانین هەموو ئۆباڵەکە بخەیتە ئەستۆی کەسێك یان لایەنێك. بەڵام رەوایە بڵێین عێراق خاوەنی سیاسەت و سەرکردایەتییێکی باوەشگرەوە نەبوە-هاووێنەی- ئەوەی نێڵسۆن ماندێلا هەیبوو، کە مردنەکەی کاریگەری میراتی سەرکردایەتی پێشکەوتووی بیرخستینەوە.

*** بارودۆخێکی مەترسیداری دیکە بریتییە لەوەی لە شەڕی دژە تیرۆر و ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا عێراق لە هەوڵی بەدەستهێنانی هاوکاری وڵاتانی دیکەدایە، وەك ئێران، ئەمەش مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی ئەوەی لە پاڵ زیادبوونی نفوزی تیرۆردا نفوزی ئێرانیش زیاتر بێت لە عێراقدا، تا چ راددەیەك ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر سەقامگیری و سەروەری عێراق؟**

- یەکێك لەو شتە سەیرانەی مێژووی ئەم دواییە- کە مایەی بەدبەختیە- ئەوەیە کە ئەمریکا پێگەی ئێرانی بەهێزکرد کاتێك دوو لە دوژمنەکانی لەناوبرد، سەددام حوسێن و تاڵیبان. ئەگەرچی، ئێران بەدەست چەندین کێشەی ناوخۆییشەوە دەناڵێنێت. یەکێك لەو هەنگاوانەی مایەی ئومێدە گفتوگۆکانی ئەم دواییە بوو لەبارەی توانا ئەتۆمیەکانی ئێرانەوە. بەڵام هێشتا ئەمە هەنگاوێکی بچووکە و زۆر شتی دیکە ماوە کە دەبێت دیاری بکرێت. ئومێدەکە ئەوەیە سەرکردایەتی ئێران بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە ناکرێت کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەربکرێن تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ریشەی رادیکاڵیەت هەڵبکێشرێت لە ئێراندا. ئەگەرچی ئەمە وەك گەشبینیەکی ناواقیعی دەردەکەوێت.

*** هەرێمی کوردستان کە هێشتا بەشێکە لە عێراق، هەرێمێکی ئارام و سەقامگیرە و ئەزموونێکی دیموکراسی هەیە، حکومەتی عێراقیش نەك هەر هاوکاری ئەم هەرێمە ناکات، بەڵکو کێشەشی بۆ دروست دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ راددەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لە گەشەکردن و سەقامگیری ئەم هەرێمە دەکات؟**

- من پێشبینی ئەوە ناکەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی فراوان پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان بکات، بڕواننە ئەو مشت و مڕەی لەبارەی جاڕدانی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ، ئەبخازیا و ئۆسیتیای باشورەوە دروست بوو. کۆسۆڤۆ تا رادەیەك ئیعتیرافێکی دیپلۆماسی پێکرا، بەڵام هێشتا زۆرێك لە وڵاتان هەن کە کارێکی لەم چەشنە رەت دەکەنەوە. تەنها ژمارەیەکی کەمی وڵاتان ئەم کارەیان لە ئاست دووانەکەی دیکەدا -ئەبخازیا و ئۆسیتیای باشور-کرد، ئەمە سەرەڕای دەستپێشخەریەکی دیپلۆماسی توند کە لەلایەن روسیاوە لەبری هەردووکیان خرایەڕوو. مەسەلەکە بریتییە لەوەی ئەمە دەبێت پێشینەیەك- سابقەیەك-. رەنگە شتێکی تەواو رەوا بێت کە کوردەکان وڵاتی خۆیان هەبێت، بەڵام زۆرجار شەرعیەت و رەوایی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا مەسەلەیەکی پەیوەندیدار نییە. لەوەش زیاتر، سەرەڕای ئەوەی تورکەکان تا رادەیەك تێڕوانینێکی لیبراڵیان هەیە لە ئاست کوردەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا، بەڵام هێشتا پشتیوانی لە کوردستانێکی سەربەخۆ ناکرێت. تورکیاش زۆر دەستڕۆیشتووە لە ناوچەکەدا. ئومێد دەکەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاریگەری لەسەر عێراق هەبێت بۆ ئەوەی سیستمێکی فیدراڵی بگرێتەبەر- و رەنگە فیدراڵیەتێکی جیاوازیش بێت- کە هاوکاری کوردەکان بکات لە پاراستنی ناسنامە و سەقامگیریدا.

**ئیدارەی بوش بێئەندازە سەرچیغ چوو لەوەی کە پێیوابوو دەتوانێت لە عێراق و ئەفغانستان بەدەستی بهێنێت، هۆکاری ئەو سەرچیغ بوونەی ئەوەبوو کە متمانەیەکی زیاد لە پێویستی هەبوو بەوەی دەتوانێت بە کردەوەی سەربازی هەرچی دەیەوێت و ئامانجیەتی، دەتوانێت بەدەستی بهێنێت**

**یەکێک لەو شتە سەیرانەی مێژووی ئەم دواییە کە مایەی بەدبەختیە ئەوەیە کە ئەمریکا پێگەی ئێرانی بەهێزکرد کاتێک دوو لە دوژمنەکانی لەناوبرد، سەددام حوسێن و تاڵیبان**

**ئومێد دەکەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاریگەری لەسەر عێراق هەبێت بۆ ئەوەی سیستمێکی فیدراڵی بگرێتەبەر و رەنگە فیدراڵیەتێکی جیاوازیش بێت کە هاوکاری کوردەکان بکات لە پاراستنی ناسنامە و سەقامگیریدا**



سالح قەلاب بۆ گوڵان:

# بەڕێز مسعود بارزانی دووربینانە هەنگاوی مەزنی بۆ ئامانجی نەتەوەکەی هەڵگرتووە، ئاسۆی سەربەخۆیی کوردستانی لێ دیارە

لەناو گەرمەی گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خەریکە کێشەی کورد دەبێتە توخمی سەرەکی نێو هاوکێشەکان و هەرێمی کوردستان رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر بنەماکانی دەوڵەتی سەربەخۆی لێدەردەکەوێت و کێشەی کوردیش بەشێوەیەکی گشتی بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، هەر لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا عێراق بەرەو ئایندەیەکی نادیار هەنگاو هەڵدەگرێت و رۆژ لەدوای رۆژ بارودۆخی خراپتر دەبێت، ئەمە وێڕای ئەوەی لە دیوی رۆژئاواشەوە سوریا بۆتە کێشەیەکی دیکە و زۆر لە چاودێران هەڵکشانی توندوتیژییەکانی عێراق لەگەڵ رەوشی ئاڵۆزی سوریا پێکەوە دەخوێننەوە و وای دەبینن بارودۆخی سوریا کاریگەری گەورەی لەسەر رەوشی عێراق هەیە و کادرانەوەی پاڵپشتی حکومەتی عێراقن بۆ مانەوەی رژێمی ئەسەد لە دەسەڵاتدا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و تاووتوێی ئاڕاستەی رەوتی گۆڕانکارییەکان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ نووسەر و رۆژنامەنووس بەڕێز سالح قەلاب وەزیری راگەیاندن و رۆشنبیری پێشووی شانشینی ئەردەنی ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

**گوڵان:** عێراق لەناو ئەم کەشی تایەفەگەری و ململانێ بێ برانەوەی کە تێی کەوتووە، بەرەو کوێ مل دەنێت، بە تایبەتی لە چوارچێوەی بوارە سیاسییەکەدا، چ گۆڕانکارییەك لە داهاتووی عێراقدا دەبینن؟!

**ساڵح قەلاب:** ئەستەمە بۆ هەر کەسێك بە ئاسانی بتوانێت پێشبینی ئەوە بکات چارەنووسی عێراق بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت، چونکە بە ئاشکراو روون دەستێوەردانی نابەرپرسانە لە ناو عێراقدا هەیە بۆ قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان، ناوچەکەش بە بارێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، گۆڕانکاریی فرە ئاراستەو فرەجەمسەر دروست بوون، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە بۆ کەسێکی شرۆڤەکار بە یەك دیودا یان بە تاك رەهەندییانە بتوانێت دۆزەکانی ناو عێراق تاووتوێ بکات..

عێراق بووەتە مەیدانێکی کراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تایەفیی و بەرەنگاربوونەوەی توندی مەزهەبگەرایی کە سامناکترین جۆرەکانی بەرەنگاربوونەوەو ململانێیە لە دنیادا، ئەمەش لەبەر دوو فاکتەری سەرەکی:

یەکەمین فاکتەریان بریتییە لە دەستوەردانی راستەوخۆی ئێران بۆ ناو کاروباری عێراق، تەنانەت تا پێش کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکاش تارماییەکانی ئەم ئامادەگییە بوونی هەبووەو ئێستاش هەر ماوە، ئینجا تێکچوونی بارودۆخی ناو سوریاشی هاتۆتەسەرو، لەسوریاش ئەمە وایکردووە ناڕاستەوخۆ نفووزی حزبوڵڵاو دەسەڵاتی هێزەکانی ئێران لە ناو فەیلەقی قودسەوە رۆڵی کارا بگێڕن، ئەمانە کەشی گرژی تایەفەگەرییان لە ناو عێراقدا گرژتر کردۆتەوە، رەنگە بە هۆی ئەو پاشخانە لە مێژینە دوژمنایەتییەوە بێت کە لە کۆنەوە لە نێوان سوننە و شیعەی عێراقدا رەگی داکوتیوەو دواتر بە هۆی تێکچوونی رەوشی سوریاوە پەرەی زیاتر سەندۆتەوە، کەواتە دەستێوەردانێکی تایەفەگەرییانەی بەردەوام هەیە بۆ زیاتر تێکچوونی رەوشی عێراق، لەو بڕوایەشدام دەسەڵاتی فەرمانڕەوا کە بە نوێنەرایەتی نوری مالیکی بەڕێوە دەچێت، ئاسانکاریی دەکات یان رێگەکان چۆڵ دەکات بۆ هاتنە ناوەوەی هەموو شێوازێکی دەستوەردان لە کاروباری وڵاتەکەدا، تەنانەت ئاسمان و خاکی عێراقی کردۆتە پردێکی گواستنەوەو گەیاندنی هەموو جۆرە هاوکارییەکی سەربازی و لۆجیستی بۆ رژێمی ئەسەد تا ئەو رژێمە نەڕووخێت، کاردانەوە خراپەکانی دروست بوونی ئەم پردەش باجێکی قورسە، خەڵکی عێراق رۆژانە ئەو باجە بە خوێنی نەوەکانیان دەدەنەوە، چونکە وەك هەمووان دەزانن سوریا بۆتە گۆڕەپانێکی لەبارو بە پیت بۆ یەکلاخستنەوەی ململانێیەکی خوێناوی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، ئەم ململانێیەی ناو گۆڕەپانی سوریا پریشکەکانی بۆ ناو عێراقیش پەڕیونەتەوە، رۆژانە بە سەدان هاووڵاتی لە ئەنجامی کارە تێرۆریستیەکان خوێنیان بەسەر شەقامەکانی عێراق دەڕژێنرێن، تەنانەت لە هەندێ رۆژدا ژمارەی قوربانیانی ناو شارەکانی باشوور و ناوەندی عێراق لە هی جەنگی ماڵوێرانکاری ناو شار و شارۆچکەکانی سوریاش زیاتر بووە، بە هەموو پێوەرەکان ئەوەی لە سوریا روودەدات جەنگێکی وێرانکار و کوشتارگەیەکی بێهوودەیە، ئەگەرچی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە دەرەوەی بازنەی ئەو ململانێ خوێناوییەی سوریاو شەڕە تایەفەگەرییەی عێراقەوە، بەڵام کەسان و لایەنانێك لە هەوڵدا بوون ئەم ململانێیەی سوریا راستەوخۆ بگوازنەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان، بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەو کردەوە تیرۆریستیە بوو کە لەبەردەم دەزگای ئاسایشی هەولێر ئەنجام درا، بە گشتی دیمەنەکە لە عێراق دیمەنێکی قەتراني و تاریك و سامناك و پڕ لە دڵەڕاوکێیە..

**گوڵان:** عێراق لە رووی سیاسی و ئاسایش و ئارامییەوە تووشی شکست بووەتەوە، باشە لە پاش ئەم شکستەی عێراقەوە ئایا داهاتوو نادیارە یان چاوەڕوانییەك هەیە بۆ گۆڕانکاری؟!

**ساڵح قەلاب:** کێ دەتوانێت پێشبینی داهاتوویەك بکات لە وڵاتێکدا کە هەموو رەنگەکانی بەناو یەکتردا پژابن، راستە جگە لە هەرێمی کوردستان عێراق وەك حکومەت و دەوڵەتیش دوچاری شکستی جەرگبڕ بۆتەوە، ئەوەتا جگە لە هەرێمی کوردستان، هەموو بەشەکانی تری ناو عێراق لە ئاژاوە کردەوەی تیرۆریستیدا نغرۆ بووەو جومگە سەرەکیەکانی وڵاتیش لەلایەن وڵاتێکی دراوسێوە کۆنترۆڵ کراون، مالیکی هەرگیز گوێی نەگرتووە لە خەمەکانی خەڵکی عێراق، حیساب بۆ هاوبەشەکانی خۆی لە حوکمداری ئەم وڵاتەدا ناکات، کەسێك گوێلەمستی دەوڵەتێکی تر بێت چاوەڕێی فەرمانیش لەو دەوڵەتە دەکات، جڵەوی هەموو بڕیارەکانی مالیکی بە دەست باڵیۆزێکی فەخریی ئەو دەوڵەتەی ترەوەیە، عێراق ئیفلیج بووە، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەو دووهەڵە مێژووییە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارانەی کە ئەمریکیەکان لە عێراقدا کردیان، یەکەمین هەڵەی ئەمریکیەکان لە سەرەتاوەختانی هێرشکردنە سەر ئەم وڵاتەدا رووی دا، کە ژێرخانی ئەم وڵاتەیان لە بێخەوە تەفروتونا کرد، دواتر هێنانەپێشەوەی چەند گرووپێکی ناشارەزا بە بەڕێوەبردنی وڵات بۆ جڵەگرتنەدەستی حوکمی وڵاتەکەو دەسەڵات پێدانیان، دووەمین هەڵەیان کە عێراقی رووبەڕووی کێشەی گەورەتر کردەوە، کشانەوەی هێزە چەکدارەکانیان بوو لەم وڵاتەدا بەبێ ئەوەی پلانێکیان بۆ باشکردنی رەوشی عێراق هەبێت لە پاش خۆیان، لە ئەفغانستانیش ئەم هەڵە کوشندەیەیان کردبوو، لەوێش کە سوپای سۆڤیەت شکستی خواردو لەو وڵاتە دەرپەڕێنرابووە دەرەوە، ئەمریکیەکان زەمینەیان بۆ هاتنەسەر حوکمی تاڵیبان خۆش کرد، تاڵیبان بە حوکمێکی تژی بە ململانێی توندی ئاینییەوە بارێکی نالەباری

کورد پێی باشە هەرێمی کوردستان، حوکم و دەسەڵاتێکی باڵاو پەرەسەندووی لە ناو عێراقدا هەبێت، چونکە خۆیان باش ئەوە دەزانن کە لە لایەن تورکیاو ئێرانیشەوە تەنانەت سوریا بەم لاوازییەی ئێستایشیەوە لە بەرانبەر راگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی عێراقدا بێدەنگ نابن

مالیکی هەرگیز گوێی نەگرتووە لە خەمەکانی خەڵکی عێراق، حیساب بۆ هاوبەشەکانی خۆی لە حوکمداری ئەم وڵاتەدا ناکات، کەسێک گوێلەمستی دەوڵەتێکی تر بێت، چاوەڕێی فەرمانیش لەو دەوڵەتە دەکات

لە هەموو بارەکاندا ئەم سیاسەتە واقیعبین و دادپەروەرەی مسعود بارزانی گرتویەتە بەر، ئاسۆکانی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستانی لێ دیارە، بەڵام کاتی راگەیاندنی بەستراوەتەوە بە دۆخێکی گشتی نێودەوڵەتییەوە



**ڕژێمی سوریا هەموو دەروازەکانی ئاوەڵاکردۆتەوە تا گرووپە تیرۆریستیەکان بخزێنە ناو جەنگەکەوە و بۆ دنیای بسەلمێنێت کە ئەوە جەنگی دژ بە تیرۆرە ئەم دەیکات و تیرۆریستانن هێرشی دەکەنە سەر نەک گەلی سوریا**

**لە هەندێ باردا یان دۆخی تایبەتدا پێویستە ئاگاداری زەرورەتەکان بین، ئەم بە هەند وەرگرتنی زەرورەتانەیە کە وای لە سەرکردایەتی حەکیمانەی هەرێمی کوردستان کردووە واقیعبینانەتر بێت و نایەوێت کۆمەڵێک بابەتی ستراتیژی پێکەوەو لە یەک کاتدا بوروژێنێت**

**ئەگەرچی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە دەرەوەی بازنەی ئەو ململانێ خوێناوییەی سوریاو شەڕە تایەفەگەرییەی عێراقەوە، کەسان و لایەنانێک لە هەوڵدا بوون ئەم ململانێیە بگوازنەوە بۆ ناو هەرێم، بەڵگەش ئەو کردەوە تیرۆریستیە بوو کە لەبەردەم دەزگای ئاسایشی هەولێر ئەنجام درا**

توندڕەوییان دروست کردو قەیرانیان بۆ دەوروبەری خۆشیان دروست کرد، بەتایبەتی لە پاکستان و دواتر زۆر شوێنی تری دنیای تەنییەوە، کاتێ چوونە ناو ئەفغانستان بۆ لەناوبردنی توندڕەوانی تاڵیبان و دواتر لەوێش کشانەوەو ڕەوشەکەیان ئاڵۆزتر کرد، لە عێراقدا دەیانتوانی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان کە ناوچەیەکی ئارام و لەبار و خاوێنە لە ڕووی توندڕەوێتییەوە هەندێك لە هێزەکانی خۆیان بە ناوی هێزی فریاگوزاری بۆ باری نائاسایی بە جێبهێڵایە، بەڵام ئەوان بەو کشانەوەیەیان باری شانی هاوڵاتیانی سڤیلی ئەم وڵاتەیان قورس کردو گرەوی خۆیان لەسەر ئەسپی دۆڕاو دانا، قومارەکەیان بەجێهێشت بۆ کەسایەتیەکی ئاسۆ داخراوو بووکۆڵەی وڵاتێکی دراوسێی عێراق..

**گوڵان:** بەڕێزتان وەك کەسایەتییەکی بوێر و تێکۆشەرێکی هەمیشە بە هەڵوێست لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و سیاسەتدا، چۆن تەماشای سەربەخۆیی گەلی کوردستان دەکەن، ئایا هەندێ جار لێرەو لەوێ گوێبیستی شتێك بوویت کە ناوی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یان کوردستانی بێت؟

**ساڵح قەلاب:** لە ڕووی مرۆیی و بە مەبدەئەوە دەڵێم: کورد نەتەوەیەکی دێرینە لەم ناوچەیەدا، مافی خۆیەتی لەسەر بنەمای پێکهاتەی نەتەوەیی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێت، باشتر وایە لە ئایندەیەکی نزیك یان دووردا ئەو ئامانجە ستراتیژییەی خۆی ڕابگەیەنێت، وەك چۆن عەرەب زیاتر لە بیست دەوڵەتدا ئەمەی ڕایگەیاندووەو تورك لە دەوڵەتێکی گەورەدا دایمەزراندووە، کوردیش مافی ڕەوای خۆیەتی شتێکی وا دابمەزرێنێت، زۆر لایەن و کەسایەتی تریش هەن هەمان ڕای منیان هەیە، ئەمەش هەڵوێستێکە نابێت ژێر لێو بخرێت، بەڵام لە هەندێ باردا یان دۆخی تایبەتدا پێویستە ئاگاداری زەروڕەتەکان بین، ئەم بە هەند وەرگرتنی زەرورەتانەیە کە وای لە سەرکردایەتی حەکیمانەی هەرێمی کوردستان کردووە تا کاتی گونجاویان بۆ نەیەتە پێشەوە واقیعبینانەتر بێت و نایەوێت کۆمەڵێك بابەتی ستراتیژی پێکەوە لە یەك کاتدا بوروژێنێت، ئەوەیان پێ باشە هەرێمی کوردستان حوکم و دەسەڵاتێکی باڵاو پەرەسەندووی هەبێت لە ناو عێراقدا، چونکە خۆیان باش ئەوە دەزانن کە لە لایەن تورکیاو ئێرانیشەوە تەنانەت سوریا بەم لاوازییەی ئێستایشیەوە لە بەرانبەر ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی عێراقدا بێدەنگ نابن، ترسیان هەیە ئەگەر بێتو شتێکی وا لە کوردستانی عێراق ڕابگەیەنرێت، تەشەنە بسەنێت بۆ ناو کوردی وڵاتەکانی خۆیان و ئەوانیش هەمان هەوڵی هەرێمی کوردستان بدەن، کەواتە ئەوان، ئەمەیان بەلاوە گرنگترە لە پێناوی تێکنەچوونی باری ناوخۆیی وڵاتەکانی خۆیاندا نکۆڵی بکەن لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد، لە هەموو بارەکاندا ئەم سیاسەتە واقیعبین و دادپەروەرەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی دووربینانەیە بۆ ئەو ئامانجە مەزنەی گەلی کورد، ئاسۆکانی سەربەخۆیی لە بەرینایيدا لێ دیارە بەڵام کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەت، بەستراوەتەوە بە ڕەوشێکی گشتگیرتری نێودەوڵەتی، ئاواتمە ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی کورد لە داهاتووی نزیکدا ببینم..

**گوڵان:** وتیان بەشار ئەسەد هێندەی نەماوە بڕووخێت، بە ڕای تۆ چەندی تر ڕژێمەکەی بەرگە دەگرێت، ئایا کۆتایی نزیك نەبۆتەوە؟

**ساڵح قەلاب:** یەکێك لە سەرکردە باڵاکانی حزبوڵڵا لەم دواییانەدا وتی ئەگەر ئێمە نەبووینایە ڕژێمی ئەسەد بەرگەی سێ کاتژمێری نەدەگرت، ئەوەی بەشار ئەسەدی بە پێوە هێشتەوە پێڕەوکردنی سیاسەتی تەشەنە پێدانی شەڕەکە بوو بۆ شەڕێکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، ئەوەی ئێستا بەشار هەڵدەسوڕێنێت وڵاتێکی زلهێزی وەك ڕوسیایە، ئینجا ئێرانە بە هەموو هێزی موخابەراتی و جۆرەها چەك و تەقەمەنی و هەموو توانای وەزارەتی دەرەوەی، بە سەدان چەکدار لە یەمەن و تا عێراق تەیارکراون و بە شێوازی جۆراوجۆر دەخرێنە ناو ئاگری ئەم



جەنگەوە، حزبی بەعسی سوریا دەیان ساڵە لە کاردابووە بۆ لەناوبردنی ژیانی سیاسییانە، لەم رووەوە وڵاتەکەی وێران کردووە، هەر وەك چۆن ســەدام حوســێن ژیانی سیاسی لــە عێراقــدا دارماندبوو، بە بەڵگەی ئەوەی لە ســاڵی ٢٠١١ کاتێــك رووداوەکانی ســوریا قەومان، لەو وڵاتەدا هیچ هێزێکی سیاسی رێکخراویی تێدا نەبوو، تەنیا چەند کەســایەتیەکی نیشتمانپەروەر نەبێت کە رۆژانە ئەم دەست و ئەو دەســتیان پێدەکرا لە ناو زیندانەکانی بەعسدا، بێ ئەوەی هێزێکی تۆکمەی چەســپاو بوونی هەبێت تەنانەت بە کوردەکانیشــەوە، تەنیا سەلاح بەدرەدین و بیست پارتی پەرتەوازەی لــەت و پەت دەنگیان هەبوو، خۆ ئەوە بزاڤی نیشــتمانی سوریا هەر هیچ کە لە هەموو لایەکەوە ونجڕ ونجــڕ کرابوو، ئینجا کە هێزەکان کەوتنەخۆ بۆ پێکهاتن و دامەزراندن، بە پەلەپرووزێ ئەجێنداو نفووزی هەرێمایەتیان لە دەرەوەی سنووری سوریاوە تێکەڵ کرا، رژێمیش هەموو دەروازەکانــی ئاوەڵاکــردەوە تا گرووپە تیرۆریســتیەکان بخزێنە ناو جەنگەکەوە تا بۆ دنیای بســەلمێنێت کە ئەوە جەنگی دژ بە تیرۆرە ئەم دەیکات و تیرۆریستانن هێرشی دەکەنە ســەر نەك گەلی ســوریا، ئــەو مەفرەزانەی لە داعش و بەرەی نووســرە دروست بوون، دەستی دەرەکی و خودی رژێمی تێدایــە، وای لە خۆرئاواش کردووە بگەنە قەناعەتێك کە پشتگیری تەواوی خەڵکی سوریا نەکەن بۆ لەناوبردنی بەشــار ئەسەد، ئەگینا کێ هەیە لە دنیادا بۆ مانەوەی خۆی ١٢٦هەزار هاووڵاتی خۆی لەناو بەرێت، وەك لــە راپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ژمارەیەی قوربانیەکانی ســوریا تۆمار کــراوە، هەروەها نزیکەی ٣ ملیۆن پەناهەنــدەو دەربەدەری وڵاتان لــە وڵاتێکدا کە دانیشــتووانی ٩ ملیۆنە، کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتی لەوە دەترسن ئەگەر بەشار ئەسەد بڕووخێت، سوریا دابەش بێت بــۆ چەند زۆنێکی تایەفەگەرو گرووپە تیرۆریســتیەکان دەستی بەســەدا بگرن، بۆیە لە هەوڵدان پشتگیری هێزە میانڕەوەکانی ناو سوپای ئازادی سوریا بکەن..



## ساڵح قەلاب لە چەند دێڕێکدا

ســاڵح حەمــەد عــەواد قــەلاب وەزیری راگەیاندن و وەزیری رۆشــنبیری پێشووی ئــەردەن، بۆ چوار جار لەســەر یەکتر لەو وڵاتەدا بە ئەندامــی ئەنجومەنی ئەعیان هەڵبژێردراوەتــەوە، بەڕێوەبەری گشــتی دەزگای ئێســتگەو تەلەفزیۆنی ئەردەنی و ستوونووســی رۆژانــەی (الشــرق الأوســط اللندنیە)و(الرأی)یە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کەناڵی ئاســمانی(العربیە) و لە ســەرەتای پەخشــیەوە بــۆ ماوەیەك ســەرۆکایەتی ئەو کەناڵەی پێ سپێردراوە، لە ئەنجومەنی ئەمیندارانی کۆمپانیاکانی توێژینــەوەی ســعودیدا ئەندامــە، وەك کەسایەتیەکی ئەکادیمی و سیاسی ناسراو و بێلایەن لەلایەن مەلیك عەبدوڵڵای پاشای شانشــینی ئەردەنەوە زۆرجار راوێژی پێ دەکرێت.

## بولنت ئاراس بۆ گوڵان:

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر ڕژێمی ئەسەد بێدەنگە و سیستمێکی نێودەوڵەتیش نییە لەسەر تاوانەکانی ئەسەد بێتە دەنگ

**پرۆفیسۆر بولنت ئاراس ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی ئیشك و پسپور و تایبەتمەندە لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئۆراسیا و تۆژرە لە ئامۆژگای (SETA) لە ئەنکەرە و لەنزیکەوە چاودێری گۆڕانکارییەکانی سوریا دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی سوریا و بێدەنگی نێودەوڵەتی بەرامبەر ڕژێمی ئەسەد دوای ئەوەی ئەسەد دەرگای بۆ پشکنەرانی چەکە کیمیاییەکانی واڵاکرد، سەبارەت بە ڕەوشی سوریا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر بولنت ئاراس کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** دوای سێ ساڵ لە کوشتنی مەدەنیەکان، ئێستا کارە تاوانکاریەکانی بەشار ئەسەد سەرنجێکی کەم بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، سەرەڕای دەرکەوتنی لە ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتیدا کە تەحەددای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات. بە تێڕوانینی ئێوە، چۆن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مامەڵە لەگەڵ ئەسەد و ڕژێمەکەیدا دەکات؟**

- ئەو سیاقە نێودەوڵەتیەی هەیە جێی داخە کە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ ڕژێمێکی وەك بەشار ئەسەد دەکات، ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە لە سەرووی ئیرادەی نێودەوڵەتیەوە کە ڕێساگەلێکی دیاریکراو بەسەر ئەم جۆرە تاوانانەدا بسەپێنێت، هەروەها سیستمێك نییە دادپەروەری بهێنێتەدی و ڕێگە لە ئەنجامدانی تاوان دژی کۆمەڵگەکەی بگرێت، سەرۆك وەزیران ئەردۆغان و وەزیری دەرەوە داود ئۆغلۆ ڕەخنەیان لەم سیستمە نێودەوڵەتیە گرتوەو و ڕایانگەیاندوە کە دادپەروەری و یەکسانی تێدانییە. ئەوەی لە سوریادا ڕوودەدات ئەوەیە کە کۆمەڵە وڵاتێك پێیانوایە ئەوەی ڕوودەدات تاوانە، بەڵام سیستمێك نییە ڕووبەڕووی ئەسەد بێتەوە لەسەر ئەم تاوانە. بەڵام جێی داخە کە کۆمەڵە وڵاتێکی دیکە هەن کە بێدەنگن و تەنانەت دەچنە پاڵ ئەسەد لە تاوانەکانیدا دژی سوریەکان و دژی مرۆڤایەتی.

*** هەندێك لە چاودێران وای دەبینین کە ئێستا ڕژێمی ئەسەد دەیەوێت دووبارە کۆنترۆڵی هەموو سوریا بکاتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەسەد ئێستا لە ئۆپۆزسیۆن بەهێزترە، ئایا مانەوەی ئەسەد لەدەسەڵاتدا چ هەڕەشەیەك بۆ سوریا و ناوچەکە دروست دەکات؟**

- پێموانییە ئەسەد دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت کۆنترۆڵی سەرتاسەری سوریا بکاتەوە، لەبەر ئەوەی موعارەزەیەکی ڕاستەقینەی ناوخۆیی هەیە لە دژی، یەکەم شتیش کە پێویستە بیکات ئەوەیە عەقڵ و سۆزی خەڵك بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەڵام زەحمەتە ئەمەشی بۆ بکرێت، لەلایەکی دیکە ئۆپۆزسیۆنیش هەیە کە تەحددای ڕژێمەکەی ئەسەد دەکات، هەروەها ناوچەیەکی جوگرافیی کوردی هەیە لە سوریا کە ئەسەد کۆنترۆڵێکی زۆری ئەو- جوگرافیایەی بەدەستەوە نییە-، بەڵام هێشتا ئەسەد ماوەتەوە، ئەویش بە شێوەیەکی سەرەکی هۆکارەکەی بۆ نەبوونی سیستمێکی عەدالەتی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە و بۆ سەرنجەدان لە تاوانەکانی دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە دەمێنێتەوە، لە ڕووی مێژووییەوە هەموو سەرکردە تۆتالیتاریەکان ڕۆیشتوون، ڕەنگە بۆ ماوەیەك بمێنێتەوە، بەڵام درەنگ یان زوو لە کەشی سیاسی سوریادا دەسڕێتەوە.

*** بەهۆی پەرت و بڵاوی گروپەکانی موعارەزە لە سوریا، کۆنفرانسی جنێف دوو دواخرا، ئەمەش بۆتە هۆی بەتاڵکردنەوەی ناوەڕۆکی کۆنفرانسی جنێڤ ١. لەبەر ئەوەی ئەسەد لە کۆنفرانسی دووەمدا دەسەڵات جێناهێڵێت، چۆن وەرچەرخانی سیاسی ڕوودەدات لە سوریادا، لە کاتێکدا ئەسەد لە دەسەڵاتدایە؟**

- پێش هەموو شت کۆنگرەی جنێڤ ٢ بە مانای دووبارە چەسپاندنەوە و پشتیوانیکردنی ئەسەد نایەت، بەڵکو بیرۆکەکە ئەوەیە هەمووان بەشداربن بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرێکی کۆتایی، ئاشکرایە کە موعارەزە زۆر بەربڵاوە و یەکگرتوو نییە. ئەوە سروشتی دۆخی شەڕە و بەڕێز ئەردۆغانیش ویستی گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات و یەکیان بخات، لەبەر ئەوەی ئامانجی هاوبەشیان هەیە کە هەموو لایەکیان لەگەڵ دوورخستنەوەی ئەسەدن لە دەسەڵات و لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێن، و ئاشتەواییش لە نێوانیاندا لە بەرژەوەندی ئایندەی وڵاتەکەیە.

*** لەسەر ئاستی ئیقلیمی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوو بەرە دروستبوون لە ئاست کێشەی سوریادا، یەکەمیان لەگەڵ مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا کە عێراق و ئێران و حزبوڵان،**




**بەرەی دووەم لەگەڵ رووخانی ئەسەد دایە کە بریتین لە سعودیە و قەتەر و تورکیـــا. بە تێڕوانینی ئێوە، تا چ رادەیەك ئێران و حزبوڵا ســەرکەوتوو بوونە لە پشتیوانیکردنی رژێمەکەی ئەسەد بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە؟**

- رژێمی ئەســـەد هێشـــتا لە دەســـەڵاتدایە و لە بارودۆخێکی باشیشدا نییە، بۆیە بە باوەڕی من لە دۆخێکی زۆر لەرۆزکدایە، لەبەر ئەوەی تەواوی نەتەوەکە رووبەڕووی بوونەتەوە و شـــەڕی لەگەڵدا دەکەن. کەواتە رژێمەکەی ئەسەد لە کێشەیەکی قوڵدایە. ئەســـەد هێشتا لە دەسەڵاتدایە ئەویش بە بەکارهێنانی تاکڕەوی و خۆســـەپێنی خۆی، هەر دیکتاتۆرێکیش ئەوە بەکاربهێنێت، ئەتوانێت بەو شـــێوەیە بەردەوام بێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییـــە کە بۆ هەتا هەتایە بـــەردەوام دەبێت. بە دڵنیاییەوە کەس ناتوانێت ئەوە لەبیر بکات کە لە ســـوریادا روودەدات، ســـوریا نەتەوەیەکـــی مەزنی هەیە و خەڵکێکـــی مەزنی هەیەو ئەوان خۆیان دەزانن چی باشە بۆیان. ئەوەی گرنگە بەلای لایەنەکانی دیکەوە، ئیتر هەرێمی کوردســـتان(KRG)بێت، یان ئێران یاخود تورکیـــا و لایەنەکانی دیکە ئەوەیە لایەنی خەڵك بگرن، چونکە خەڵکـــی خۆیان دەزانن چی باشـــە بۆ ئـــەوان، ئەوەی لایەنی خەڵکیش بگرێت لە بەرەی راستی مێژوودایە. و ئەگەر لایەنی خەڵك بگرن ئەوا دواتر دوچاری شـــەرمەزاری نابنەوە لە پەنجا ساڵی داهاتوودا و لە پێگەیەکدا نابن کە ناچاربن داوای لێبوردن بکەن و پۆزش بهێننەوە، کەواتە دەبێت بوار بە خەڵکی ســـوریا بدرێت خۆیان ئایندەی خۆیان دیاری بکەن

*** هەندێ لە چاودێران پێیانوایە لابردنی مورسی لە دەسەڵات لەلایەن ســـوپای میســـرەوە، بۆتە هۆی ئـــەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ بێت لە ئاســـت کێشـــەی سوریادا، کە بە هەمان شـــێوە ترســـی ئەوەیان هەیە ئیســـلامیەکان لە سوریادا دەســـەڵات بگرنە دەســـت. تا چ رادەیەك لابردنی مورسی لە دەسەڵاتدا هۆکارێك بووە بۆ مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا؟**

- ئەوان ترســـیان هەیە و بە ئاشکرا ئەمەیان راگەیاندووە، بەڵام پێموایە هۆکاری ســـەرەکی دوودڵیان لە دەستێوەردان ئەوەیە کە ئەمە چارەسەری کێشـــەکە ناکات و دووەمیان ئەوەیە کە ئەمە ئەولەویەتی ئەوان نییە، بۆیە ئەم هۆکارانە وایکردووە کە دەبێت پرسی چارەسەرکردنی کێشەی سوریا بۆ خەڵکەکەی جێبهێڵرێت، ئەگەر ئەوان هەر کەسێکیشـــیان هەڵبژارد، ئەوا با حکومڕانی وڵاتەکە بکات و هەر پارتێکیش دەسەڵاتی گرتەدەست پێویستە بەپێی خواست و داواکاری خەڵك رەفتار بکات، هەروەها بەپێی رێسا و یاسا نێودەوڵەتیەکان، کە رێسا و یاسای نێودەوڵەتی هەن پەیوەســـتن بە حکومڕانی باش و بەرپرسیارێتی و هەڵبژاردنی رەوا و ئازادەوە، هەر کەســـێك ئـــەم پێوەرانەی رەچاوکرد و هەر کەســـێك لەلایەن ســـوریەکانەوە هەڵبژێردرا، ئـــەوا حکومڕانی وڵاتەکە دەکات، ئەم بڕیارە بەدەستی ئەوانە و بە دەستی کەسی دیکە نییە.

*** بۆ گۆڕینی هاوکێشـــەی دەســـەڵات لە ســـوریا، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشـــتیوانی موعارەزە بکات و چەکی پێبـــدات بۆ ئەوەی ئەســـەد لە دەســـەڵات دووربخاتەوە. تا چ رادەیەك پێشـــبینی ئەوە دەکەن کە کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی ئەســـەد ناچار دەکات دەستەبەرداری دەســـەڵات بێت لە رێی چەکدارکردن و پێدانی چەك بە موعارەزەوە؟**

- ئەمە پرســـیارێکی زۆر قورســـە، من ناتوانم بڵێم ئەم وڵاتە چی دەکات و ئەو وڵاتە چـــی دەکات، بەڵام بەپێی بۆچوونی من ئەگەری ئەوە هەیە پشـــتیوانی زیاتر لە موعارەزە بکرێت، ئەســـەد لە دەســـەڵاتدایە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەو باڵادەســـتە بەسەر وڵاتەکەدا، راســـتە لە رووی لەناوبردنی چەکـــی کیمیاییەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا کرد، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە پشتیوانی لێدەکەن و کێشەی رژێمی ئەسەد لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆتایی هاتووە.

**لە رووی مێژووییەوە هەموو سەرکردە تۆتالیتاریەکان رۆیشتوون، رەنگە ئەسەد بۆ ماوەیەک بمێنێتەوە، بەڵام درەنگ یان زوو لە کەشی سیاسی سوریادا دەسڕێتەوە**

**کۆنگرەی جنێڤ ٢ بە مانای دووبارە چەسپاندنەوە و پشتیوانیکردنی ئەسەد نایەت، بەڵکو بیرۆکەکە ئەوەیە هەمووان بەشداربن بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرێکی کۆتایی**

**ئەگەری ئەوە هەیە پشتیوانی زیاتر لە موعارەزە بکرێت، ئەسەد لە دەسەڵاتدایە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەو باڵادەستە بەسەر وڵاتەکەدا**



# دەستڕۆیشتوویی یەکێتی ئەوروپا لە ناو تورکیادا



داڤید فلیپس*

ڕەفتارەکانی ئەم دواییەی سەرۆك وەزیران، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، تەمی گومانی خستەسەر میسداقیەتی دیموکراسیەکەی، هەروەها گومانی دروستکرد لەبارەی ئەوەی ئایا دەکرێت وەك هاوپەیمانێکی ڕۆژئاوا پشت بە تورکیا ببەستریێت؟. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت هاوکاری تورکیا بکات بۆ ئەوەی ڕاستەڕێ بێتەوە، ئەویش بەوەی -کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی- بیسەلمێنێت پابەندە بە ئاوێتەکردنی ئیرۆ-ئەتلانتیکەوە و گەیشتنی-تورکیا- بە یەکێتی ئەورووپا بەکاربهێنێت بۆ هاندانی گرتنەبەری ڕێگاچارەی بنیاتنەرتر لەلایەن تورکیاوە لەبارەی مافەکانی مرۆڤ و کێشەی کورد و پەیوەندیە ئیقلمیەکانەوە.

لەوەتەی پارتی داد و گەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٠٢ـەوە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، ئەردۆغان ئابووری تورکیا بەرەو سەقامگیری بردووە و دەیەیەك لە گەشەکردنی دەست پێکرد. تورکیا بۆتە وڵاتێکی پێشەنگ لە گرووپی ٢٠دا، هەروەها بۆتە بازاڕێکی گرنگ کە لە دەرکەوتن و دروستبووندایە. ئەردۆغان شایستەی ستایشە لەبەرامبەر سیاسەتە ئابووریەکانی. هەروەها شایستەی پیاهەڵدانە کە دامەزراوەی سەربازی خستەژێر دەستیەوە و دەوڵەتی قووڵی (Deep State) ملکەچ بە دەسەڵاتی مەدەنی کرد.

بوژانەوەی ئابووری تورکیا وایکرد تەرکیز لەسەر مەیلی خۆسەپێنی ئاك پارتی نەکرێت. بەڵام تورکەکان خەڵکانێکی خاوەن شانازین کە قابیلی کڕین و ترساندن یان ناچارکردن نین. بۆ یەکەمجار لە ماوەی ١١ی ساڵی حکومڕانی ئەردۆغاندا، تورکەکان هەڵوێست وەردەگرن و داوای زیاتر لە حکومەت دەکەن.

تووڕەیی جەماوەری لە کەف و کوڵدا بوو کاتێك ئەردۆغان فەرمانی دەرکرد کە ڕێوشوێنی توند بگیرێتەبەر دژی ئەو خۆپیشاندەرە ئاشتیخوازانەی ناڕەزاییان دژی دروستکردنی مۆڵێك لە جیزی پارك لە ناوەڕاستی ئەستەنبول دەردەبڕی. خۆپیشاندانەکان بۆ ٧٠ شار بڵاوبوونەوە، ئەوەی ئاگرەکەی زیاتر خۆشکرد ڕەفتاری دڵڕەقانەی پۆلیس و دەستگیرکردنی سیستماتیکیانەی خۆپیشاندەران بوو. لە بەشێکدا هۆکاری لەدەستدانی دەرفەتی ئەنجامدانی یارییەکانی ئۆلۆمپیکس لە تورکیا بۆ ئەو توندوتیژیە زۆرە دەگەڕێتەوە کە لە جیزیدا بەکارهێنرا. پاڵنەری خۆپیشاندەران بێزاربوونیان بوو لە دەستێوەردانی سیستماتیکی حکومەت لە ژیانی تایبەتیاندا. تورکە عەلمانیەکان تووڕەن لە خۆسەپاندنە ئیسلامیەکانی ئەردۆغانەوە کە پەیوەستن بە خواردنەوەی ئەلکهول، قەبارەی خێزان و تەنانەت ڕەنگی قەڵەمی لێو(سوراوی لێو). ئازادی ڕادەبڕین هێرشی دەکرێتەسەر، چونکە ڕێوشوێنی قەزائی دژی ڕکابەرە سیاسییەکان دەگیرێتەبەر. هەر لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە، پتر لە ٥٠٠ ڕۆژنامەنووس و ئەفسەری سوپا دەستگیرکراون و تۆمەتی پیلانگێڕیان دژ بە حکومەتی ئەردۆغان خراوەتەپاڵ. کەسانێك هەن بۆ کاتێکی نادیار دەستگیرکراون، ئەمەش سەروەری یاسا لە ناودەبات.

سەرەڕای ئەوەش، ئەردۆغان دەرفەتێکی مێژوویی بە فیڕۆدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کە بۆتە هۆی لە ناوبردنی گیانی ٤٠,٠٠٠ کەس لە ماوەی سێ دەیەدا. پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ئاگربەست و کشاندنەوەی هێزەکانی لە ٢٣ی ئازاری ٢٠١٣دا ڕاگەیاند. بەڵام ئەردۆغان وەك ئامانجێك لە ئاگربەستەکەی ڕوانی، نەك وەك بەشێك لە پرۆسەیەك بۆ چارەسەرکردنی نیگەرانیەکانی کورد. ئەردۆغان نەیتوانیوە زیندانیە سیاسییەکان ئازاد بکات کە بە تۆمەتی هەڵبەستراو دەستگیرکراون، گوایە پەیوەندیان بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیەوە هەیە. هەروەها شکستی هێنا لە هەموارکردنی یاسای سزادان و یاسای دژەتیرۆر کە بۆ سنووردارکردن و کەمکردنەوەی ئازادیە بنەڕەتیەکان بەکاردەهێنرێن. سەرەڕای ئەوەش، شکستی هێنا لە گرتنەبەری زەمانەتی دەستووری بۆ ناسنامەی کوردی و مافە سیاسی و کەلتوریەکانیان، یاخود بۆ شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ حکومەتی مەحەلی، کە تێیدا کوردەکان کۆنترۆڵێکی زیاتریان هەبێت بەسەر کاروبارە ئیداری و ئابووری و پرسە کەلتوریەکانیانەوە، وەك پەروەردە و بەکارهێنانی زمانی مەحەلی. ئەردۆغان پشتیوانی «دەستوورێکی مەدەنی» دەکات، لەبەر ئەوەی خەونی ئەردۆغان ئەوەیە سیستمەکە بکاتە سەرۆکایەتی.

لەبارەی سیاسەتی دەرەوە، ئەردۆغان یەك بە دوای یەك هەنگاوی هەڵە هەڵدەگرێت. جگە لە کوردستانی عێراق تورکیا لە ناکۆکیدایە لەگەڵ سەرجەم دراوسێکانیدا. سیاسەتی «سفرکێشە» لەگەڵ دراوسێکانیدا شکستهێنانێکی تەواوە بۆ خۆی. تورکیا باڵیۆزی نییە لە میسر و سوریا و ئیسرائیلدا. لە کاتێکدا ئەردۆغان پشتیوانی لە کردەوەیەکی سەربازی کرد لە سوریا، ئەوا تورکەکان قەناعەتیان بەم کارە نەبوو. زۆرێك بێزارن لەو تێچوونەی لە پشتیوانیکردنی ئاوارە سوریەکاندا خەرج دەکرێت و ئەو توندوتیژیەی لە سنورەوە دەپەڕێتەوە. ئەردۆغان تورکیای خستۆتەڕێزی سعودیە و وڵاتانی کەنداوەوە دژ بە ئەسەد، و پشتیوانی بەرەی ئەل نوسرە و گرووپە جیهادیەکانی دیکە دەکات. ئەو باوەش بۆ ئیخوان موسلمینی تونس و میسر دەکاتەوە و پشتیوانی حەمماس دەکات. لوتبەرزی ئەردۆغان، خۆسەپێنی و کەسایەتیە جەمسەرگیریەکەی گرژی لە نێوان تورکەکاندا دروست کردووە، هەروەها لە نێوان تورکیا و یەکێتی ئەورووپاشدا.

ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا هەر تەنها دەستکەوتی ماددی بە دواوە نایەت. بەڵکو دەوڵەتە ئەندامەکان هاوبەشن لە «بەها ئەورووپیەکان»دا، لە چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ، و مافەکانی ئافرەتان و کەمینەکان و گرووپەکانی داکۆکیکار لە مافەکان.

لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩دا، تورکیا بووە کاندیدی ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا. لە ساڵی ٢٠٠٤دا، ڕاپرسیەکی ڕای گشتی- کە لەلایەن «German Marshall Fund» کرابوو بەو دەرئەنجامە گەیشت کە لە سەدا ٧٥ی تورکەکان پشتیوانی ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا دەکەن. بەڵام ئەو ژمارەیە بە بەردەوامی لە دابەزینداییە. لە ئێستادا تەنها لە سەدا ٤٤ی تورکەکان پێیان باشە بچنە ناو

**چیتر تورکەکان باوەڕیان وانییە کە لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە خوازراو بن. ئەوان هەقی خۆیانە بە گومان بن لە چوونە نێو جەستەیەک کە ئەوانی ناوێت**

**ئەوە سەلمێنراوە کە پرۆسەی گەیشتن بە یەکێتی ئەورووپا ئامرازێکی کارایە بۆ کاریگەربوون لەسەر چاکسازیەکانی نێو وڵاتانی کاندید، بەڵام چوارچێوەی گەیشتن بە یەکێتی ئەورووپا کاریگەریەکی سنورداری دەبێت، ئەگەر تورکەکان باوەڕیان وانەبێت دەرفەتێکی ڕاستگۆیانەیان لەبەردەمدایە بۆ چوونە نێو یەکێتی ئەورووپاوە**

یەکێتی ئەوروپاوە. وڵاتانی ئەوروپا بەشێکی زۆر ئۆباڵەکەیان بەردەکەوێت. ئەندامە بەهێزەکانی یەکێتی ئەوروپا-ئەڵمانیا، فەڕەنسا و هۆڵەندا- گومانی خۆیان دەربڕی لەبارەی گونجانی تورکیا بۆ بوونە ئەندام، لەبری ئەوە چەندین بەدیلی جیاوازیان خستەڕوو. ئەڵمانیا پێشنیاری ئەوەی کرد- تورکیا- بکرێتە شەریکێکی خاوەن ئیمتیاز «privileged partnership» ئەردۆغان ئیدانەی ئەمەی کرد و رایگەیاند ئەمە دووپێوانەییە لە مامەڵەکردندا. کاتێك فەڕەنسا پێشنیاری ئەنجامدانی راپرسی کرد لەبارەی کاندیدبوونی تورکیاوە، ئەوا-ئەردۆغان سەرۆکی فەڕەنسای-نیکۆلاس سارکۆزی- بە رەگەزپەرستی تۆمەتبارکرد. ئەردۆغان لەبارەی تەحەفوزاتەکانی هۆڵەنداوە وتی ئەمە تۆقینە لە ئیسلام « Islam phobia »ئەو یەکێتی ئەوروپایی بە یانەیەکی مەسیحی وەسفکرد. ئەردۆغان کە لە یەکێتی ئەرووپا توڕەبوو، لەبەر ئەوەی ئامانجەکانیان گۆڕی، دەستی کرد بە دروستکردنی شەراکەتێکی ستراتیجی لەگەڵ روسیادا و رووی بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوڕاند، بەرەو ئێران رۆیشت و هەوڵی کێشکردنی شەقامی عەرەبیدا.

ئەو کەوتە شەڕی راگەیاندنەوە- وشەوە- لەگەڵ سەرکردەکانی ئەوروپادا، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر تێڕوانینی تورکەکان لە ئاست یەکێتی ئەوروپادا. هەروەها سەرکردەکانی ئەوروپاش هەڵەیان کرد کاتێك کەوتنە وەڵامدانەوەی ئەردۆغان. چونکە ئەوان بە ئاشکرا و لە راگەیاندنەکانەوە مشتومڕیان لەبارەی بابەتگەلێکەوە دەرکرد کە دەکرا بە شێوەیەکی شاردراوەتر چارەسەربکرانایە. گومانەکانی ئەوروپا لە ئاست تورکیا ئەو کاتە دروست بوو کە ئەوروپا بەهۆی بەرفراوانبوونەوە شەکەت بوو، هەروەها رووبەڕووی قەیرانێکی دارایی گەورە بۆوە. چیتر تورکەکان باوەڕیان وانییە کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە خوازراو بن. ئەوان هەقی خۆیانە بە گومان بن لە چوونە نێو جەستەیەك کە ئەوانی ناوێت. لە پێناو هەڵکشاندنی گرژیەکاندا بۆ مەبەستی دەستکەوتی سیاسی، ئەردۆغان پشتی بە بریندارکردنی هەستەکان بەست، ئەویش کاتێك پەنای بردە بەر وروژاندنی هەستی ناسیۆنالیستی و شکۆی برینداربوو.

دەبێت وڵاتانی کاندیدی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا مەرجە ئابووری و سیاسییەکان بەدی بهێنن کەپێیان دەوترێت پێوەرەکانی کۆپنهاگن «Copenhagen criteria»دەبێت کاندیدەکە حکومەتێکی دیموکراتی سەقامگیری هەبێت کە رێز لەسەروەری یاسا بگرێت، هەروەها رێز لە ئازادی و دامەزراوەکانیش بگرێت. کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپاساڵانە راپۆرتێك لەبارەی «بەرەوپێشچوونەکانەوە بڵاودەکاتەوە، هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە دەکات ئایا تورکیا پابەند بووە بە « the acquis communautaire » کە ئەمەش ٣٥ چاپتەر لە خۆدەگرێت و نزیکەی ٨٠٠ لاپەڕەیە لەبارەی رێسا و رێنماییەکانی پەیوەست بە کاندیدبوونەوە.—کۆمسیۆنی یەکێتی ئەوروپا-ئەم پێداچوونەوەیە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی پێشنیاری هەموارکردن بکات لە سیاسەتەکاندا، هەم بەرەوپێشچوونەکان و هەم کێشەکانیش زەقدەکاتەوە. لە کاتێکدا ئەوە سەلمێنراوە کە پرۆسەی گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپا ئامرازێکی کارایە بۆ کاریگەربوون لەسەر چاکسازیەکانی نێو وڵاتانی کاندید، بەڵام چوارچێوەی گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپا کاریگەریەکی سنورداری دەبێت، ئەگەر تورکەکان باوەڕیان وانەبێت دەرفەتێکی راستگۆیانەیان لەبەردەمدایە بۆ چوونە نێو یەکێتی ئەوروپاوە. بنیاتنانەوەی متمانەی تورکەکان بە ئەوروپا بەوە دەست پێبکات کە خەسڵەتی ئەوروپی بوونی تورکیا تەئکیدی لێبکرێتەوە.

پێویستە ئەنجومەنی ئەوروپی وەزیرەکان بە ئاشکرا خۆی پابەند بکاتەوە بە ئەندامێتی تەواوی تورکیاوە. راوێژکاری ئەڵمانیا ئەنگێلا مێرکڵ دەتوانێت پەیامی پشتیوانی بنێرێت کە ئاماژە بە مەرج و مەرجکاری لە خۆنەگرێت. یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت جەخت لەسەر ئەو سوودانە بکاتەوە کە تورکیا لە گەیشتن بە بازاڕی ئەوروپی بەدەستیان دەهێنێت، هەروەها دەتوانێت گوزارشت لە پابەندبونی خۆی بکات بە پێدانی هاوکاری بەردەوامی پێش ئەندامێتی، لەگەڵ ئاسانکاری بۆ پێدانی ڤیزا بۆ ئەو کەسانەی هەڵگری پەساپۆرتی تورکین.

بە هەمان شێوە دەبێت یەکێتی ئەوروپا بیر لە کردنەوەی چاپتەری نوێ بکاتەوە لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە ئەندامێتی. بە دیاری کراوی دەتوانێت بە چاپتەری ٢٣ دەست پێبکات، کە پەیوەستە بە مامەڵەکردن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا. چوونە گفتوگۆوە لەگەڵ ئەنقەرە لەبارەی مافەکانی مرۆڤ چوارچێوەیەك بە یەکێتی ئەوروپا دەدات بۆ ئەوەی نیگەرانیەکانی خۆیی بخاتەڕوو. بە شێوەیەکی بەرفراونتر، بنیاتنانەوەی متمانە لە پرۆسەی بەدەستهێنانی ئەندامێتیدا دەستڕۆیشتوویی بۆ رۆژئاوا دەگەڕێنێتەوە لەبارەی چەند پرسێکەوە، هەر لە پرسی مافەکانی مرۆڤەوە بۆ کێشەکانی ژینگە، بۆ هاوکاری لەبارەی هاتوچۆی سنورەکانی نێوان تورکیا و دراوسێکانی. تورکیا پێویستی بە رێگایەك و بە خشتەیەکی زەمەنی هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتی کە بە روونی دەستکەوتەکان، هەروەها دەرئەنجامە خراپەکانیش دیاری بکات ئەگەر هاتوو رەفتار و کردەوەکانی لەگەڵ نۆرمە ئەوروپییەکاندا نەگونجێن. سیاسەتی پاداشت و سزا بناغەی رێگاچارەیەکی بنیاتنەرترە کە رۆژئاوا لە ئاست تورکیادا بیگرێتەبەر. بەڵام بۆ ئەوەی سیاسەتی پاداشت و سزا سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێت تورکەکان قەناعەتیان بەوە هەبێت کە ئەوان پاڵێوراوێکی راستەقینەن بۆ چوونە نێو ئەوروپاوە.

---

*** دیڤید فلیپس بەڕێوەبەری سەنتەری بونیادنانی ئاشتی و پرۆگرامەکانی مافی مرۆڤ لەزانکۆی کۆلۆمبیا، ئەم وتارەی بۆ رۆژنامەی هەفینگتۆن پۆست ( ) نووسیوە، بە تایبەتیش نووسەر بۆ گوڵانی ناردووەو حەزیکرد لە گوڵانیش بەکوردی بڵاو بکرێتەوە. ئێمەش لەسەر داوای خۆی بە کوردی بڵاومان کردەوە.**

**چوونە گفتوگۆوە لەگەڵ ئەنقەرە لەبارەی مافەکانی مرۆڤ چوارچێوەیەک بە یەکێتی ئەوروپا دەدات بۆ ئەوەی نیگەرانیەکانی خۆیی بخاتەڕوو**

**سیاسەتی پاداشت و سزا بناغەی رێگاچارەیەکی بنیاتنەرترە کە رۆژئاوا لە ئاست تورکیادا بیگرێتەبەر. بەڵام بۆ ئەوەی سیاسەتی پاداشت و سزا سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێت تورکەکان قەناعەتیان بەوە هەبێت کە ئەوان پاڵێوراوێکی راستەقینەن بۆ چوونە نێو ئەوروپاوە**

# ئێران و ڕێککەوتنی لەگەڵ گرووپی ٥+١ دا

ڕێککەوتنی ئێران و گرووپی ٥+١ خەریکە پەیوەندییە سیاسییەکانی ناوچەکە بەرەو وەرچەرخانێکی گەورە دەبات. ڕێککەوتنەکە کە تائێستا بە «ڕێککەوتنێکی سەرەتایی» دادەندرێت، دەشێت لەبەرەنجامی کۆتاییدا ریزە گۆڕانکارییەکی گەورەی لێ بکەوێتەوە. لەسەر ئاستی ناوچەیی، سیستمی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەساڵی ١٩٧٩ بەدواوە، لەسەر بنەمای دوورخستنەوەو پەراوێزخستنی ئێران دامەزراوەو ئەم سیستمە بەرەو ئەوە دەچێت کە تەمەنی ببێت بە٣٥ ساڵ. بەڵام ڕێککەوتنەکە کاتێك قۆناغی سەرەتایی تێدەپەڕێنێت، هیچ چانسێك بۆ بەردەوامبوونی ئەم سیستمە ناهێڵێتەوەو بناغەیەکی تازە بۆ سیستمێکی تازە دادەنێت کە تێیدا ئێران ڕۆڵێکی کاریگەرتر دەگێڕێت و وەك ئەکتەرێکی خوازراو هەڵسوکەوت دەکات. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ڕێککەوتنەکە کۆتایی بەقۆناغی ملیتاریزەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێنێت. لەم رووەوە ئەندرۆ پاسیفیچ لەوتارێکدا لەڕۆژنامەی « واشنتن پۆست» سەرنجی بەلای ئەوەدا راکێشاوە کە ڕێککەوتنەکە کۆتایی بەسیاسەتی جیمی کارتەر دێنێت کە لەسەرەتای هەشتاکاندا، لەژێر کاریگەریی رووخانی رژێمی شای ئێران و هێرشی یەکێتیی سۆڤییەت بۆ سەر ئەفغانستان، دەستی بەملیتاریزەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کرد لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرژەوەندییەکانی ناوچەکەی بەپێداویستییەکانی ئەمریکاوە گرێدا، سیاسەتێك کە ٣٠ ساڵ زیاترە ئەمریکا لەناوچەکەدا پەیڕەویی لێ دەکات.

ئەمە بەم مانایە دێت کە ڕێککەوتنەکە ناوچەکە بەرەو قۆناغێکی تر دەبات. زۆربەی بۆچوونەکان وای دەبینن کە ئێران لەم ڕێککەوتنە تا ئەندازەیەکی زۆر سوودمەند بووەو دەشێت لەئاییندەدا سودمەندتر بێت.

لەبەرامبەردا سعودییەکان و ئیسرائیلییەکان کە بێگومان پەی بەئاکامەکانی ڕێککەوتنەکە دەبەن، زۆر لەڕێککەوتنەکە نیگەرانن و پێدەچێت هیچ هەلێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی لەدەست نەدەن. ئاماژەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هەر یەك لە سعودیەو ئیسرائیل لەقەیراندایە. باری رۆبن لە رۆژنامەی «جۆرشەلیم پۆست» ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە سعودییەکان زۆر لەم سیاسەتەی ئەمریکا نارازین و هەست دەکەن واشنتن ناپاکیی لەگەڵیاندا کردووە. تەل ئەبیبیش هەموو هەوڵەکانی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ پەشیمان کردنەوەی حکومەتی ئۆباما و هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی کە ئێران جێی متمانە نییە. لۆبیی جوولەکە لە ئەمریکا جموجۆڵێکی دژی ئەم سیاسەتەی ئۆباما دەست پێ کردووە. کۆنگرێسیش لەم سیاسەتە رازی نییەو لە هەوڵی ئەوە دایە لەڕێی دەرکردنی هەندێ یاساوە سزاکانی سەر ئێران توندتر بکات.

بۆ ئێران، ڕێککەوتنەکە زۆر گرنگە، هەرچەند دەشێت لەناو سیستمی سیاسیی ئێرانیش ناڕەزایی لەم بارەیەوە هەبێت. سەرۆکی ئێران حەسەن روحانی کە بەپشتگیریی رابەری باڵا ئایەتوڵڵا خامنەئی کاری بۆ سەرخستنی ڕێککەوتنەکە کردووە، مەبەستێتی ڕێککەوتنەکە بگەیەنێتە دوا وێستگە.

ڕێککەوتنەکە بەشێکی سزاکانی سەر ئێرانی کەم کردۆتەوەو دەشێ لەقۆناغەکانی تردا بەشێکی ترو تەنانەت هەموو سزاکانی لەسەر هەڵبگرێت. سەربار، ڕێککەوتنەکە ئێران لەمافی پیتاندنی یۆرانیۆم بێبەش ناکات، بەڵام لەهەمان کاتدا مافێکی رەهای پێ نابەخشێت. لەهەردوو دۆخدا، ئێران سوودمەندە.

ڕێککەوتنەکە دەشێت لەئاییندەدا پەرە بە پەیوەندییە نەوتییەکانی ئێران بدات، چونکە لێرە بەدواوە دەوڵەتانی وەك ئازەربایجان و کازاخستان و تورکمانستان و کۆمپانیا ئەمریکی و ئەوروپییەکانی نەوت هیچ بەربەستێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران بۆ دروست نابێ و چیتر سڵ لەوە ناکەنەوە کە خاکی ئێران بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت بەکار بهێنن.

لەهەمان کاتدا ڕێککەوتنەکە دەشێ لۆبیی ئەرمەن لە ئەمریکا دەستکراوەتر بکات، بەتایبەتی لەبواری بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی ئەرمەنستان و رووسیا، چونکە بەهۆی پشتگیریی رووسیا لە ئێران، لۆبیی ئەرمەن نەیدەتوانی پەرە بەپەیوەندییەکانی لەگەڵ رووسیا بداو نەشیدەتوانی زۆر پشتگیریی ئەرمەنستانی دۆستی رووسیا بکات لەدژی تورکیاو ئازەربایجان.

سەرکەوتنی سیاسەتی ئێران زۆرتر لەقەیرانی سوریادا دەردەکەوێت کەتێیدا ئێران هەر لەسەرەتاوە سیاسەتێکی روونی هەبووەو دژی هەوڵەکانی رۆژئاواو سعودیەو تورکیا بووە بۆ رووخاندنی رژێمی ئەسەد. ڕێککەوتنەکە رەنگدانەوەی لەسەر فایلی قەیرانی سوریا دەبێت و لێرە بەدواوە ئێران دەتوانێت رۆڵی ئەکتەرێکی کاریگەرتر بگێڕێت، نەك تەنها لەسوریا، بەڵکو لەعێراق و لوبنان و شوێنی تریشدا.



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەنووسێت

# ڕێککەوتنی (٥+١) و کاریگەریی لە سەر هەرێمی کوردستان

چیا کوردستانی

کۆبونەوەکانی ٥ وڵاتەکە و ئێران ڕێککەوتنێکی گرنگ و چاوەڕواننەکراوی لە ٢٤ی مانگی ڕابردوو لێکەوتەوە، ئەم ڕێککەوتنەش کاردانەوەی جیاجیای بە دوای خۆیدا هێنا و بۆتە جێگەی نیگەرانی هەندێك لە هاوپەیمانانی خودی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وەك ئیسرائیل و سعودیە، تەنانەت سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لە هەڵوێستێکی تونددا بەرامبەر ئەم ڕێککەوتننامەیە گوتی: «ئەمە ڕێککەوتنێکی مێژوویی نییە بەڵکۆ هەڵەیەکی مێژووییە».

ڕێککەوتنی نێوان ئێران و (ئەمریکا، روسیا، چین، بەریتانیا، فەرەنسا+ ئەلمانیا)، ڕێگە بە ئێران دەدات کە لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا تەنها ٥٪ یۆرانیوم بپیتینێت ئەم ڕێژەیەش کەمترە لە چاو پیتاندی پێشتر، بەمەش زانایان پێیان وایە کە ئێران هەنگاوێك لە بە دەست هێنانی چەکی ناوەکی دوورتر دەکات لە بەرامبەر ئەوەشدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئابلۆقەکانی سەر ئێران لە هەندێك لایەن بۆ ماوەی ئەم شەش مانگە کەم دەکاتەوە کە لابردنی بڕی ٦ تا ٧ ملیارد دۆلار مەزندە دەکرێت. ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئەوە نییە کە ئێران پرۆگرامی ئەتۆمی بە تەواوی لە نێو ببات بەڵکو جەخت کردنەوەیە لەوەی کە ئێران بەرنامەی ناوەکی تەنها بۆ مەبەستی ئاشتییانە بەکار بهێنێت و نەوەك بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی. هەرچەندە ئەمە هەنگاوێکی کۆتایی یان ڕێککەوتنێکی گشتگیری کۆتایی نییە، بەڵکو کرانەوەی دەرگایەکی باشە بۆ هەنگاونان بەرەو چارەسەریی گشتی و ئەم شەش مانگە تاقی کردنەوەیەکە بۆ دیارکەوتنی پابەندیی ئێران و دروستبوونەوەی متمانە بۆ ئێران لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە.

لە کاتی ئێستادا بۆچوونی زۆر هەن کە ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە سەربگرێت ئەوا دەبێتە هۆی گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە چەندین دەیەیە ئەم هاوکێشەیە بە شێوەیەکی نەگۆڕ ماوەتەوە. هەرێمی کوردستانیش وەك هەر دراوسێیەکی تری ئێران یان بەشێکی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە کاریگەریی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بێبەش نابێت. ئێمە دەمانەوێت بزانین کە ئایا سیناریۆکانی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەم ڕێککەوتننامەیە و کاریگەریی لە سەر هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت یان بە واتایەکی تر ئایا هەرێمی کوردستان لە سەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتنامەیە سوودمەند دەبێت یان زەرەرمەند؟!

ئێمە نازانین کە ئەم ڕێککەوتنە سەرەتاییە تا چ ڕادەییەك سەرکەوتوو دەبێت و ئایا دەبێتە هۆی ڕێککەوتنێکی هەتا هەتایی و ئاشتبوونەوەی ئێران لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا و نەمانی گومان لەلایەن رۆژئاوا بەرامبەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و دڵنیابوونەوەیان کە ئێران تەنها ئەم بەرنامەیە بۆ مەبەستی ئاشتی بەکار دەهێنێت؟ ئەگەر ڕێککەوتنەکە بەم ئاراستەیە بڕوات ئەوا بێگومان هاوکێشەی ململانێی سیاسی و هاوپەیمانییەتی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری بە سەردا دێت و چاوەڕێ دەکرێت کە ئێران لەگەڵ رۆژئاوا ئاشت ببێتەوە و پێگەکەشی لە ناوچەکەدا بەهێزتر ببێت. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئاشتبوونەوەی ئێران لەگەڵ رۆژئاوا و بەهێزبوونی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست مەترسییە لە سەر هەرێمی کوردستان؟

نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئێران دراوسێیەکی بەهێزی هەرێمی کوردستانە و کاریگەریی خۆی لە ناوچەکەدا هەیە و دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاویشی وەك دراوسێیەك لە سەر هەرێمی کوردستان هەبێت و چاوەڕێ دەکرێت کە رۆڵ و کاریگەریی ئێران لە ناوچەکەدا بەهێزتر ببێت ئەگەر ئێران لەگەڵ رۆژئاوا ڕێك بکەوێت و ئاشت ببێتەوە. بەڵام زیادبوونی کاریگەریی ئێران لە ناوچەکە واتای ئەوە نییە کە دژ بە هەرێمی کوردستان بوەستێت، چونکە ئەو کاتە هەردووکیان بەرژەوەندیی هاوبەشی زیاتریان دەبێت. بەڵکو بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە ئەگەر ئێران لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا ئاشت ببێتەوە ئەوا ئەو کاتە ئێران کەمتر تێوەگلاوی سیاسەتی ناوخۆی هەرێم و ناوچەکە دەبێت چونکە ئەو کاتە دۆستایەتی نزیکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ رۆژئاوا بە مەترسی لە سەر خۆی نابینێت لەم حاڵەتەدا ئێران ئەوەندە خۆی سەرقاڵی دورستکردنی باڵانسێك دژ بە سیاسەتی رۆژئاوا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناکات.

ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتنی ئێران لەگەڵ رۆژئاوا نەك تەنها گۆڕانکاری لە بۆچوونی ئێران لە روانگەی سیاسی و ئەمنی لە سەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات بەڵکو لە

**ڕێککەوتنی نێوان ئێران و (ئەمریکا، ڕوسیا، چین، بەریتانیا، فەرەنسا+ ئەلمانیا)، ڕێگە بە ئێران دەدات کە لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا تەنها ٥٪ یۆرانیوم بپیتێنێت ئەم ڕێژەیەش کەمترە لە چاو پیتاندی پێشتر**

**ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتنی ئێران لە گەڵ ڕۆژئاوا نەک تەنها گۆڕانکاری لە بۆچوونی ئێران لە ڕوانگەی سیاسی و ئەمنی لە سەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات بەڵکو لە بواری ئابووریشدا ئێران دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو لە هەرێمی کوردستان ببینێت**

**جگە لە بواری ئابووری و بەرژەوەندیی دراوسێییەتی، ئاشتبوونەوەی ئێران لە گەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا دەبێتە هۆی بەرژەوەندیی هاوبەشی سیاسیش چونکە ئەوکاتە دۆستایەتی هاوبەشیان لە گەڵ ڕۆژئاوا دەبێت**

**سەرکەوتنی ڕێککەوتنی ٥+١ی جنێڤ دەتوانێ زیاتر لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا بێت تاکو سەرنەکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە**

بواری ئابووریشدا ئێران دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو لە هەرێمی کوردستان ببینێت، هەروەك ئەو ڕۆڵەی کە ئێستا تورکیا دەیبینێت. ئەو کاتەش هەبوونی هەرێمێکی سەقامگیری سەرکەوتوو لە بواری ئابووری و ئەمنی وەك دراوسێیەك زیاتر خزمەت بە ئێران دەکات نەك هەرێمێك یان وڵاتێکی ناسەقامگیری وەك ئەفغانستان کە باری ئابووری و ئەمنی ناسەقامگیر بێت. کەواتە هەروەك تورکیا، دەکرێ ئێران هەرێمی کوردستان وەك نمونەیەکی سەرکەوتوو ببینێت و سەقامگیری و سەرکەوتوویی هەرێمی کوردستان لە بواری ئابووری و ئاسایش لە بەرژەوەندیی ئێراندا دەبێت نەك پێچەوانەکەی.

جگە لە بواری ئابووری و بەرژەوەندیی دراوسێیەتی، ئاشتبوونەوەی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا دەبێتە هۆی بەرژەوەندیی هاوبەشی سیاسیش چونکە ئەوکاتە دۆستایەتی هاوبەشیان لەگەڵ ڕۆژئاوا دەبێت. وێڕای ئەمەش ئاشتبونەوەی ئێران لەگەڵ ڕۆژائاوا بۆچوونی ڕۆژئاواش لە سەر هەبوونی پەیوەندیی باشی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان یەك دەخات، چونکە ڕۆژئاوا نایەوێت دوو دۆستی لە ناوچەکەدا ناکۆکی بوەستێت بەڵکو مەترسی لە کاریگەری دورستبوونی ئەم حکومەتەی هەیە لە سەر کوردەکانی کوردستانی ئێران. بەڵام ئەگەر ئێران دڵنیا بێت کە حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان دژ بە بەرژەوەندییەکانی نابێت، ئەوا قەبوڵکردنی ئەم سەربەخۆییەش لەلایەن ئێران بە ئاستەم نابینرێت.

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد جارێ زووە بۆ ئەوەی بڕیار بدەین کە ڕیکەوتنی ٥+١ی جنێڤ سەرکەوتوو دەبێت یان نا. کۆمەڵێك لە هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نیگەرانن و دەڵێن ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندیی ئێرانە و تەنها کات بەخشینە بە ئێران. بەڵام سەرکەوتنی ڕێککەوتنی ٥+١ی جنێڤ دەتوانێ زیاتر لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا بێت تاکو سەرنەکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە. ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیەکانی ڕۆژئاو لەگەڵ ئێران بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابوری باشترە، چونکە ئەگەر پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژائاوا و ئێران باشتر بێت ئەوا جگە لە لاچونی ئابڵوقەکانی سەر ئێران کە دەبێتە هۆی جموجۆڵێکی



گەورەیان هەبێت بە تایبەتی دوو دۆستی خاوەن وزەیەکی باشی نەوت و غاز کە دەتوانن بۆ ڕۆژئاوای دابین بکەن لەم حاڵەتەدا هەر گرژییەکی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانانی لە ڕۆژئاوا ناکات.

ڕەنگە هەندێك چاودێری سیاسی بەم بۆچونەی سەرەوە ڕازای نەبن و بڵێن کە ئەم ڕێککەوتنە کاریگەری نەرێنی لە سەر بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان دروست دەکات. نزیکبوونەوەی ئێران لە ئەمریکا و وڵاتانی تری ڕۆژئاوا، دەکرێت وەك بەربەرستێك ببینرێت لە سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان ئەمەشیان لە ڕێگەی هاندانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ پشتگیری نەکردنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. بەڵام دەکرێت پێچەوانەی ئەم بۆچونەش ڕاست بێت ئەگەر هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بێت ئەوا شیعە بە تەواوی لە عێراقدا باڵادەست دەبن و دروستبوونی وڵاتێکی تری باڵادەستی شیعە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە خزمەت سیاسەتی ئێراندا دەبێت. جگە لەمە ئێران نیگەرانی و مەترسی دروستبوونی حکومەتێکی سوننە مەزهەبی لە هەرێمی کوردستان دژ بە ئێران نییە تاکو دژی باشتری بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، هەروەها لە بواری سیاسیشەوە ئێران کەمتر پێویستی بە دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ناوچەکەی دەبێت، چونکە مەترسی ئێران لە هەرێمی کوردستان کە ڕۆژێك لە ڕۆژان وەك شوێنێکی دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئێران لە لایەن ڕۆژائاوەوە بەکار بهێنرێت، نامێنێت.

تاکە مەترسی هەرێمی کوردستان لە سەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە ئەوەیە کە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکە بە شێوەیەك بگۆڕدرێن کە خزمەت بە خەونی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان نەکات. ئێمە نازانین کە ئەوکاتە ئێران تا چ ڕادەییەك دژ بە ئەم خەونە دەبێت، بەڵام زۆر جار بەرژەوەندییە ئابورییەکان زاڵ دەبن بە سەر ناکۆکی سیاسی نمونەی ئەمەش هاوپەیمانیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانە، ئێمە ئەو کاتە ئەوەش بە دوور نابینین بەرژەوەندیی ئابووری نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان بۆچوونەکانی ئێران لە سەر خەونی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بگۆڕێت.